Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080312

# جیهانگیریی و مردنی زمانەکان

مهاباد کامیل عەبدوڵا

بەشی زمانی کوردی، سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە

پێشکەوت مەجید محەمەد

زمانی کوردی، پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی گەرمیان

## Article Info

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

## Keywords

گۆڕانی زمان، جیهانگیریی زمانی، زمانی جیهانی، زمانی زیندوو، زمانی مردوو

## Corresponding Author

Mahabad.abdullah@uoh.edu.iq
peshkawt.majed@garmian.edu.krd

## پوختە

سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەی ئابووری و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە شارە گەورەکان و فراوانبوونی ڕێگاوبانەکان و ئاسانکاری هاتووچۆ و داهێنانە زانستیی و تەکنەلۆژییەکان و هۆیەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و بایەخی خوێندن...هتد، بەربەستە جوگرافییەکانی نێوان نەتەوە و گروپە جیاوازەکانیان شکاندووە، شارستانییەتە جیاوازەکانی مرۆڤایەتییان ڕووبەڕووی یەکترکردووەتەوە، زمانیش وەکو بەشێك لە کولتور و دەربڕی بیر و ئامرازی لێکگەیشتن و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان، پشکی گەورەی ئەم بەریەککەوتن و ململانێیانەی بەرکەوتووە. لەئێستادا زمانی کۆمەڵگا پیشکەوتووەکان بەپاڵپشتی هۆیەکانی جیهانگیری، تەنگیان بە زۆرێك لە زمانەکانی تر بەتایبەتی زمانی کەمینەکان هەڵچنیوە و خۆیان لە سەر حسابی ئەوان لەلایەکەوە لە ڕووی ژمارەی قسەپێکەر و لەلایەکی تریشەوە لەڕووی سنوری جوگرافیای بەکارهێنانی زمانەکەوە فراوانکردووە، ئەمەش کاریگەریەکی گەورەی لەسەر خێرایی مردنی زمانەکان هەبووە، لەڕووی باڵادەستی و فراوانبوونی هەندێك زمان و مردن و لەناوچوونی زمانە لاوازەکان. زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان، کاریگەری جیهانگیریی و بە جیهانیبوونی زمانیی لەسەر دەرکەوتووە و مەترسی خستووەتەسەری، لەڕووی بایەخپێدانی زمانی بیانی لەجیاتی فێربوونی زمانی دایك و بەکارهێنانی لە کاروباری ڕۆژانە و ڕامیاری و سیاسەت و ڕاگەیاندن و زانست و خوێندن و بازاڕی کار...هتد، پەراوێزخستن و دابڕانی زمانی کوردی لەم بوارە گرنگانە.

## پێشەکی

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (جیهانگیریی و مردنی زمانەکان)ەوەیە، تیشکدەخاتە سەر کاریگەری بە جیهانیبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەسەر خێرابوونی مردنی زمانەکان. زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان بەدەر نییە لەم کاریگەریانە، لە توێژینەوەکەدا هەوڵدراوە ئەو ڕێگانە دەستنیشان بکرێت کە مەترسی و کێشە و گرفتایان بۆ زمانی کوردی دروستکردووە.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ئێستادا زمانەکان بە هۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە لە ململانێ و کاریگەریدان لەسەر یەکتر، زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان مەترسی هەژموونی زمانەکانی تری لەسەر دەرکەوتووە، لەڕووی هاتنەناوەوەی بە لێشاوی وشە و زاراوە لەلایەك و وازهێنان لە فێربوونی زمانی دایك و بەکارهێنانی زمانی بیانی لە بوارە گرنگەکانی ژیان لە لایەکی ترەوە.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی (پەسنی شیکاری) پەیڕەوکراوە، لەبەرئەوەی لەو کێشە و گرفتانەی ئێستای زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە، کە بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە ڕووبەڕووی بووەتەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی ئەو مەترسیانەیە، کە زمانەکانی تر بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیریی زمانییەوە خستوویانەتەسەر زمانی کوردی، هەروەها دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی کە ئەم مەترسیانەیان هێناوەتە ناو زمانەکەوە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی زمانیی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسیانە.

سنوری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سنوری دیالێکتی ناوڕاستی زمانی کوردیدایە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

لە بەشی یەکەمدا باس لە گۆڕانی زمان و ئەو هۆکارانەی زمان دەگۆڕن کراوە، هەروەها جیهانگیریی و ڕۆڵی لە دروستکردنی زمانی جیهانی و باڵادەستبوونی زمانە بەهێزەکان بەسەر زمانەکانی تردا و کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی کراوە. لە بەشی دووەمیشدا جۆرەکانی زمان لە ڕووی زمانی زیندوو و زمانی مردوو باسکراوە و لێکجیاکراونەتەوە، هەروەها ڕێگاکانی مردنی زمان و ڕەنگدانەوەی هۆیەکانی جیهانگیریی تیایاندا دەستنیشانکراوە و لەگەڵیاندا بە نموونەوە مەترسییەکانی سەر زمانی کوردیمان خستووەتەڕوو، لە کۆتایشدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و سەرچاوە بەکارهاتووەکان خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم:

### 1/1) گۆڕانی زمان:

زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە، هۆیەکە بۆ دەربڕینی هەست و نەست و ڕایکردنی کاروبارە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، هەروەها ئامرازی لە یەکترگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە، بۆیە بە تێپەڕبوونی کات، لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی بیر و پێشکەوتنی شارستانیەت و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆژییەکان...هتد، زمانیش بۆئەوەی دەربڕی پێویستییەکانی کۆمەڵەکەی بێت و لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەدا هەنگاو بنێت، گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانانە یان زمان بەرەو گەشەکردن و دەوڵەمەندبوون دەبەن و بە بەردەوامی فەرهەنگەکەی نوێدەکەنەوە و وشە و زاراوەی نوێی تێدەڕژێنن یان بەرەو سستبوون و مردن ئاڕاستەی دەکەن. گۆڕانی زمانیش یان بەهۆی گۆڕانە زمانییەکانەوە ڕوودەدات، کە پەیوەستە بە خودی سیستەمی زمانەکە خۆییەوە بەهۆکارەکانی ئابووریکردن یان ئەو جوڵە هارمۆنییەی لەناو زمانەکە خۆیدا هەیە دروستدەبێت، چونکە (زمان کۆئۆرگانێکی سەربەخۆیە و بە جۆرێکی پڕنهێنیی خۆی بەردەوام سەربەخۆ لە گەشەکردندایە و خۆی گەشە دەکات) (د.محەمەدی مەحوی، 2009: 93). گۆڕانە ناوەکییەکان، ئارەزووی مرۆڤە بۆ وزە پاراستن، لە ڕێگەی ئاسانکردنی دەربڕینەوە، بە مەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەی دەکەوێتەسەر ئەندامەکانی ئاخاوتن، وەکو(تواندنەوە و کرتاندن و جیابوونەوە و جێگۆڕکێ و بەرزبوونەوە و سووکبوونی واتا و گۆڕان لە ڕێزبوونی کەرەستەی ڕستە و پەیدابوون و لەناوچوونی ئامراز...هتد (د.محمد معروف فتاح،2011: 129)، کە لە ئەنجامی پرۆسەی پێشکەوتنی زمان بەپێی یاسای گەشەسەندنی سروشتی زمان، لە گرانییەوە بەرەو ئاسانی دەجووڵێت، وشەی درێژ کورتدەکرێتەوە، ڕستەی زۆر برگە کەمدەکرێتەوە بۆ تاك برگە(دەروون عبدالرحمن ساڵح، 2012: 25)، واتە هۆکارە ناوەکییەکانی گۆڕانی زمان ئەوانەن، کە پەیوەندییان بە خودی زمان خۆیەوە هەیە و لەناوەوە زمان دەگۆڕن، کە ئەوانیش کات و وزەن، مەبەست لە کاتی خایاندنی زنجیرەی دەنگەکانە، بۆ گەیاندنی واتای مەبەست، وزەش ئەرك و ماندوبوونی قسەکەرە، تاوەکو دەنگەکان دروستدەکات و واتاکانی لێ باردەکات، هەروەها ماندوبوونی گوێگریشە، تاوەکو دەنگەکان شیدەکاتەوە و واتاکانیان لێ دادەگرێت، واتە هەرچەندە واتای زۆرتر لەسەر زنجیرە دەنگی کورتر باربکرێت، قسەکەر و گوێگر وزە و کاتیان بۆ دەگەڕێتەوە (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول، 2015: 345). کە ئەم گۆڕانەیان خاوترە و ماوەیەکی درێژ تری پێویستە بۆ ڕوودانی، یان بەهۆی هۆکارە نازمانیەکانەوە گۆڕانە زمانییەکان ڕوودەدەن، کە بە بەردەوامی و بە خێرایی کاریگەریان لەسەر زمان هەیە، ئەم جۆرەی گۆڕان پەیوەستە بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، (ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگادا دێت، بەدوایدا گۆڕانکاریی لە زاراوەکان و پێکهاتەی زمانەکەشدا ڕوودەدات، تا لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە بڕوات و پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە پڕبکاتەوە، کە قسەی پێدەکەن، هەر زمانێك لە زمانە زیندووەکان، بریتییە لە سیستەمێکی دیاریکراو لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەچێتە ژێر کاریگەری کولتورێکی دیاریکراوەوە، بەم ئەگەرەش زمان بۆ پەرەسەندن و گۆڕانی مەرجدار ملکەچە، کە پەیوەستە بە پەرەسەندن و گۆڕانەکانی ئەو کۆمەڵەی قسەی پێدەکەن) (د.مها محمد فوزی، 2009: 112). بەلای (هامبۆڵدت)هوە (هەر زمانێك بەرهەمهێنراوێکی ناوازەی نەتەوەیەکی دیاریکراوە، بە وردبوونەوە لە پێکهاتەی ناوەوەی زمان، دنیابینی و بیرکردنەوەی ئەو نەتەوە دەردەکەوێت، بۆیە پێیوایە گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە پەرەسەندنی بیرکردنەوە و کولتور و تێڕوانینی گشتی ئەو نەتەوەیە بۆ ئەو زمانەی قسەی پێدەکات) (میلیکا إفیتش، 2000: 64-67). بەواتا گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئەنجامی پیێشکەوتن و پێکدادانی شارستانییەتەکان و گۆڕانی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان و داهێنانی زانستی و تەکنەلۆژیا و ئابووری و

پەروەردە و فێرکردن و گۆڕانە کولتوری و ڕۆشنبیریەکان و تەمەن و ڕەگەز...هتد دروست دەبێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گۆڕانی زمان دەبێت و گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنن، چونکە زمان وەکو دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی بە هەموو دیاریدە کۆمەڵایەتییەکانی تر کاریگەر دەبێت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر دەردەکەوێت، هۆکاری سەرەکی دەربڕینی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەش زمانە. هەر بابەتێکی نوێ لە ژیاندا بێتە ئاراوە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێك لەنێو کۆمەڵ، یان کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی بیناسن و پێی ئاشنابن، وشەی تایبەتی بۆ دادەنێن، زمانیش وەك بەشێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا، لە نێو کەسایەتی و بۆنەکان و بارودۆخی ئابوری و ڕامیاریدا تواوەتەوە (بێستون ئەبوبەکر عەلی، 2015: 5)، سەرەڕای ئەمەش بەهۆی تێکلاوی و گۆڕان و خێرایی هۆیەکانی تێکلاوی و هاتوچۆ و ڕاگەیاندن و بازرگانی و خوێندن و داگیرکاری و فرەزمانی و دراوسێیەتی...هتد، بەریەککەوتن لە نێوان نەتەوە و گروپە جیاوازەکان دروست دەبێت، زمانەکانیش بەهۆی ئەم هۆکارانەوە کاریگەری دەکەنە سەر یەکتری و دەکەونە ململانێ و لە ئەنجامدا گۆڕان بەسەر زمانەکان دێت لە ڕووی گەشەکردن و پێشکەوتن یان سستبوون لەناوچوون. گۆڕانیش لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات بە پلە و ڕێژە و ماوەی خایاندنی جیاواز بۆ ڕوودانی. زمان بەردەوام دوو هێز دەی جوڵێنێت و کاری تێدەکات، یەکێکیان فراوانبوونە، ئەویتریشیان کورتبوونەوەیە. زمان بەپێی پێویستی کۆمەڵ گۆڕانی بەسەردا دیت، وەك لە دەربڕینە جیاوازەکانی بیرکردنەوە و هەستدا دەردەکەون، بەمەش زمان بەردەوام قەوارەی لە زیادبووندا دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێك بەپێی خواست و ئارەزووی چەند کەسێك لە کۆمەڵدا ناگۆڕێت، بەڵکو پێویستی و خواستی تێکڕای کۆمەڵ دەیهێنێتە ئاراوە و بە پەسەند دەزانرێت، واتە سروشتی گۆڕانی زمان لەوەدایە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەشدارن لەو شێوازانەی، کە بە لەبار و بەجێ لای هەمووان دابنرێت و ئامانجی تێکڕای کۆمەڵ بهێنێتەدی. زمان ڕەوشتی وایە، کە بەپێی پرەنسپی بەکارهێنانی هێزی کەم، یاخود ئیکۆنۆمی ڕێکدەخرێت (دەروون عبدالرحمن سالح، 2012: 29-30). دەربارەی گۆڕانی زمان دەبێت سێ ڕاستی لەبیرنەکەین(د. محمد معروف فتاح، 2011: 118-119):

1- هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە، ئەم گۆڕانە ڕاگرێ یان کەمی بکاتەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێت، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.

2- مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لەناوچوون بەرێت، لەوانەیە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزەپارێزبێت.

3- گۆڕان بەپێی یاسا و دەستوور ڕوودەدات و لەخۆوە نییە، تەنها چەند جۆرێك گۆڕانیش لە زمانی مرۆڤدا ڕوودەدات.

2/1) جیهانگیری زمانی:

شۆرشی پیشەسازیی و تەکنەلۆژیا و زانست و داهێنان و خێرایی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن و هاتوچۆ...هتد، کۆمەڵگای مرۆیان بەرەو بە جیهانیبوون بردووە و شارستانییەتە جیاوازەکانی ڕووبەڕووی یەکترکردووەتەوە، گۆڕانکاری بەرەو پێشچوونێکی گەورەیان بەسەردا هێناوە، وەکو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتی و کولتوریی و هزرییەکان. ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکاریانەش بە جیهانگیری ناوزەندکراوە، کە بریتییە لە دیاریدەی تەسککردنەوەی کات و شوێن، کە لە ئەنجامی پێویستی مرۆڤەکان بە یەکتر لە جیهاندا، بە شێوەیەکی هۆشیارانە کۆمەڵگا جیاوازەکان دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگای جیهانی، بەمشێوەیە زۆرێك لە سنورە جوگرافی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کولتوریەکانی نێوان کۆمەڵگاکان لەناو دەچێت یان کەمدەبێتەوە (ئومێد بەرزان برزۆ و...، 2019: 3). بەمەش کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو یەك شارستانی جیهانی نوێ ئاڕاستەدەکات. لەمرۆدا (بە جیهانیبوون و تەکنەلۆژیای نوێ، ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی زۆر چست و چالاك و خێرا لە هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵدا دەبینن، میللەتان و زمانەکەشیان، لە کارتێکردنی تەواودان بۆ سەر یەکتری) (د.فاروق عومەر سدیق، 20011: 54). زمانەکانە جیاوازەکانیش، کە هەریەکەیان لە سنوری جوگرافیایەکی دیاریکراودا لەلایەن نەتەوە و گروپێکی تایبەتەوە بۆ گفتوگۆکردن و پەیوەندی نێوانیان و گواستنەوە و تۆمارکردنی زانیارییەکان بەکاردەهێنرێت، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ڕۆشنبیری و زانستییەکانیانە، کە پێکەوە دروستکەری شارستانیەتی تایبەت بەو نەتەوە و گروپانەن، نەوە بۆ نەوە ئەزموون و بەها و بیرکردنەوەکانیان پێ دەگوێزنەوە و لە لەناوچوون دەیپارێزن. بەپێچەوانەشەوە (جیهانگیری پشتدەبەستێت بەشێوازێکی نوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانییەتەکان، کە دژی ناسنامەی گەلان و ڕۆشنبیری و کولتوریانە، بەمەبەستی سەپاندنی باڵا دەستی یەك کولتور و ملکەچپێکردنی جیهان بۆ دەسەڵاتی شارستانیەتی تاکلایەنانە، ئەمەش دەبێتەهۆی نەمانی ناسنامەی کەسایەتی و هەستی نیشتمانی و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ناسنامە و کەسایەتییەکی نوێی جیهانی) (محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری، 2009: 27-28). لەم ڕوانگەیەوە کارلێککردنی شارستانییەتەکان و بەرەو بە جیهانیبوونی کۆمەڵگا جیاوازەکان، بەریەککەوتن و ململانێ لە نێوان زمانەکاندا دروستکردووە، لە ڕووی باڵادەستی و فراوانبوونی هەندێك زمان بە پاڵپشتی بوارەکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژیا و پەروەردە و خوێندن...هتد، مردن و لەناوچوونی زمانە لاوازەکان بەکاریگەری ئەو هۆکارانە و وازلێهێنانی قسەپێکەران و هاندانی خەڵکی بۆ گۆڕینی زمانی دایکی لە پێناوی دەستکەوتنی کار و سودوەرگرتن لە زانست و زانیارییە نوێکان و خۆگونجاندن لە کۆمەڵگا زمانییە نوێیەکان، ئەمەش بووەتەهۆی هاتنەناوەوەی چەندان وشە و زاراوە بۆ سەرزەمینی زمانە جیاوازەکان، چونکە (نوێکردنەوەی بنەماکانی وڵات و داهێنانی پیشەسازی و بەرەو شارستانی چوون و داپچڕان و نەمانی گیانی نەتەوایەتی کۆمەڵ و زمانپەروەری دەبنەهۆی زمان گۆڕین ( د.محمد مەعروف فتاح، 2011: 147). هاوکێشەی شارستانیەت و پاراوی زمانیش پێچەوانەن، هیچ شارستانیەتیەك بەبێ وەرگرتنی بیروڕای شارستانیەتیەکانی تر بنیات نانرێت و بیروڕاش بەبێ زمان و زاراوەکانی وەرناگیرێت، کەواتە هیچ شارستانیەتێکی پاك و بێگەرد نییە و بەم پێیەش هیچ زمانێکی پاراوبێگەردیش نابێت (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوول، 2015: 344)، بۆیە ئەگەر شارستانی جیهانی سەرهەڵبدات، ئەو کات دەبێت ویستی هەبوونی زمانێکی جیهانی و ئایینێکی جیهانیش لە ئارادابێت (سامۆیل. پ. هانتینگتۆن، 2005: 54)، لەبەرئەوەی زمان ئامرازی سەرەکی پەیوەندیکردن و بەجێگەیاندنی ئەو هۆکارانەیە، کە جیهانیان بەرەو بەجیهانیبوون بردووە، بۆیە زمان لەلایەکەوە ڕۆڵی لە دروستکردنی جیهانگیریدا هەیە و لە لایەکی تریشەوە خۆشی بەرەو جیهانگیری زمانیی دەبات. ئەگەر لە پێشوودا وڵاتە گەورە و بەهێزەکان لە ڕێگەی داگیرکاری و ڕۆشنبیری و ئایینی و سیاسییەوە

هەوڵی فراوانکردن و سەپاندنی زمانەکەکانیان بەسەر زمانی گەلانی تردا دابێت، لە ئێستادا وڵاتانی خاوەن پیشەسازییە بەهێزەکان و هێزە سیاسییە گەورەکان، هەوڵی ئەوەدەدەن زمانەکەیان لە ڕێگەی زانست و تەکنەلۆژیا و داهێنان و ڕۆشنبیری و ئابووری و پەروەردە و خوێندنەوە بەسەر زمانەکانی تردا زاڵ و فراوانبکەن، چونکە (زمان وەکو دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە بە هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵدا بڕوات، دەبێت گۆڕانکاری لە زاراوە و پێکهاتەکانیدا بکات، بۆ نموونە ئەگەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا توانی کولتوری باو بگۆڕێت، ئەوە پەنا بۆ زمان دەبرێت تا زاراوە و گۆکراوی نوێی بەرهەم بهێنن یان گۆڕانکاریان تێدا بکەن) (د.مها محمد فوزی معاذ، 2009: 112). جیهانگیری لەجیاتی ئەوەی زمانە کەمینە و لاوازەکان بەهێز بکات و وەکو بەشێك لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەشداریان لە بڵاوبوونەوە و نزیککردنەوەی نێوان گەلان پێبکات، بەپێچەوانەوە بەرەو لەناوچوونیان دەبات، چونکە زمانەکان ئاڵۆزترین داهێنراوی عەقڵی مرۆڤن، هەر زمانێك و لە دەنگەکانیدا و لە پێکهاتە و شێوازی بیرکردنەوەی قسەپێکەرانی لە زمانەکانی تر جیاوازە، کاتێك زمانێك لەناودەچێت، ئەوە بە تەنها زمانەکە خۆی لەناو ناچێت، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر زمانێك پەیوەست و گرێدراوە بە کولتور و وێژەیەکی دانسقەوە، چ نووسراو بێت یان نەنووسراو، بۆیە بە مردنی هەر زمانێك کۆتایی بە بیرکردنەوە و داهێنان و ئەزموونەکانی بەشێك لە مرۆڤایەتی دێت. (بێرنارد کەمرێ و ...، 2007: 78 ). (سبیرۆنی) لە کتێبەکەیدا داکۆکی لە بیرۆکەی یەکسانی نێوان زمانەکان دەکات و دەڵێت: (هەموو زمانەکان لە یەك سەرچاوەوە وەرگیراون و بنەچەکەیان یەکە، بەڵام بە درێژایی ڕۆژگار هەندێ لەو زمانانە لەوانی دیکە گەشەسەندووتر و دەوڵەمەنتر بوون، چونکە زۆر بە ڕێکوپێکی ڕێکخراون، ئەم دیاریدەیە بۆ سروشتی خودی زمانەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ زیرەکی و لێهاتوویی خاوەن و شاگردەکانیان دەگەڕێتەوە) (لویس جان کالفی، 2012: 68)، بۆیە ئەو زمانانەی بایەخی سیاسیی و زانستییان هەیە وەکو زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی و ئیسپانی و چینی لە ئاستی نێو دەوڵەتی دەرکەوتوون و بایەخیان پێدەدرێت (د.نایف خرما، 1978: 47-48)، لە پێشبڕکێی گەیشتن بە لوتکەی زمانی جیهانی لەڕووی بایەخپێدان و بڵاوبوونەوەی بە سنوری جوگرافیای زمانە جیاواز و تایبەتەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان.

3/1) زمانی جیهانی:

ئەو زمانەیە، کە لە بنەڕەتدا زمانی دایکی کۆمەڵێك یان وڵاتێکی تایبەت و دیاریکراوە، بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕێت، وەکو زمانی سەرەکی و بەهادار لە ئاستی نێونەتەوەیدا لەلایەن وڵاتانی ترەوە بەکاردەهێنرێت (حسێن یەعقووبی: 2007، ل101). بڵاوبوونەوەی هۆیەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن و تەکنۆلۆژیا، جیهانی بەشێوەیەك بچووککردووەتەوە، کە ڕووداوێك لە شوێنێك ڕوودبدات کاریگەری لەسەر شوێنەکانی تر دەبێت، هەروەها ڕوودانی جەنگە گەورە جیهانییەکان و دامەزراندنی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش...هتد، بوونە هۆکارێك بیر لە بەکارهێنانی زمانێکی سروشتی یان دەستکرد بکرێتەوە وەکو زمانێکی جیهانی، ببێتەهۆی لێکگەیشتن لەنێوان نوێنەرانی وڵاتە جیاوازەکان، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی ئەو زمانانەی بایەخی سیاسیی و زانستییان هەیە وەکو زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی و ئیسپانی و چینی لە ئاستی نێو دەوڵەتی دەربکەون و بایەخیان پێبدرێت، هەروەها زمانی ئیسپرانتۆش (Esperanto)وەکو زمانێکی دروستکراو بایەخی پێدرا (د.نایف خرما: 1978، ل 47-48). بە پاڵپشتی ئەو هۆکارە نازمانییانەی کە ڕۆڵیان لە دروستکردنی جیهانگیریدا هەیە، لە ئێستادا چەندان زمان لە پێشبڕکێی گەیشتن بە ترۆپکی زمانی جیهانین لەڕووی بایەخپێدان و بڵاوبوونەوەی بە سنوری جوگرافیای زمانە جیاواز و تایبەتەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان. (ئەو زمانەی، کە دەیەوێت ڕۆڵی زمانی جیهانی ببینێت، دەبێت سەرەڕای ئەوەی زمانی دایکیی چەند وڵاتێکی جیهان بێت، لە ئاستی نێونەتەوەیشدا لە وڵاتانی دیکەش کاریگەر و بایەخداربێت، لەو وڵاتانەی زمانی دایکییان نییە، وەکو زمانی دووەم لە بوارەکانی سیاسەت، یاساگەلی دادوەری، ڕاگەیاندنە گشتییەکانی پەیوەندی گرتن و سیستەمی ڕاهێنان کەڵی لێوەربگیرێت، لەلایەکی تریشەوە وەکو زمانی بیانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ بەرەو پێشبردنی مەبەست و ئامانجە (بازرگانی، ئابووری، کۆچکردن، ڕاهێنان و فێرکردن...هتد)، هۆگری خۆیان بۆ فێربوونی نیشان بدەن (حسێن یەعقوبی، 2007: 101-102). دوو کۆمەڵە هۆکار دەبنە پاڵپشتی بۆ ئەوەی زمانێك وەکو زمانێکی جیهانی ڕۆڵ بگێڕێت و بەخێرایی لە وڵاتانی تردا بڵاوبێتەوە و سنوری زمانەکانی تر ببەزێنێت، بەشێك لە هۆکارەکان نازمانیین، وەکو: (پێشینەی مێژوویی و ڕۆشنبیری و کولتوری و سیاسی و ئابووری و زانست و داهێنان و تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و خوێندن و حەزوئارەزوو لە فێربوونی ئەو زمانە...هتد)، هەر کۆمەڵێك لەو بوارانەدا سەرکەوتووبێت، ئەوە بەهەمان شێوە زمانەکەشیان سەرکەوتوودەبێت و شانبەشانی بڵاوبوونەوەی ئەو بوارانە بڵاودەبێتەوە، بەشێکی تری هۆکارەکان زمانین و پەیوەستن بە خودی زمانەکە خۆیەوە، وەکو تایبەتمەندی خێرا فێربوون و هۆگری و خۆشەویستی بۆ زمانەکە. لە ئێستادا چەندان زمان بە پاڵپشتی کۆمەڵێك هۆکار لە هەوڵی گەیشتنن بە زمانی جیهانی، لەوانە زمانی (مەندارین)ی چینی بە پاڵپشتی زۆری ژمارەی قسەپێکەر و زانست و تەکنەلۆژیا، زمانی فەرەنسی بەهۆکاری داگیرکاری و سیاسی و کولتوری و پلانی زمانی لە بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئەفریقا بەکاردەهێنرێت، زمانی عەرەبیش بەهۆی ڕۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، کە زمانی فەرمی ئایینەکەیە، لە زۆرێك لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بەکاردەهێنرێت، زمانی ئینگلیزیش بەهۆی پێگەی ڕۆشنبیری و سیاسی و داگیرکاری و زانست و تەکنەلۆژیا و خوێندن، لە ئێستادا لە بوارە جیاوازەکاندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکاردەهێنێت، زمانەکانی ئیتالی و ئیسپانی و ڕوسی و پورتگالیش بەهەمان شێوە، بە پاڵپشتی سیاسی و ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژیا لە ئاستی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنرێت. بەشێوەیەکی گشتی هەریەکە لەم زمانانە بە پلە و ڕێژەی جیاواز، زمانی دایکی یان زمانی فەرمی یان زمانی دووەمی زۆربەی وڵاتانی جیهانن. بەڵام لە سەروی هەموویانەوە ئەو زمانەکەی کە هەردوو هۆکارەکەی تێدایە، زمانی ئینگلیزیە، بۆیە زمانەکە بەرەو زمانێکی جیهانی هەنگاو دەنێت (حسێن یەعقووبی، 2007: 104)، واتە (ئەو زمانەی لوتکەی بەکارهێنانی لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی گرتووە، زمانی ئینگلیزییە، بەشێوەیەك زمانە پێشکەوتووەکانی تری خستۆتە مەترسییەوە) (د. فاروق عومەر سدیق، 2011: 54). لەلایەکەوە وەکو(سانابوون و ڕێسابوونی ڕێزمانی، کەڵك وەرگرتن و کارایی فراوانی، بوونی ژمارەیەکی سنوردا لە پێشگر و پاشگر و نەبوونی جیاوازیی لە ڕەگەزی نێر و مێ و خۆش

ئاهەنگی و دەربڕین و ڕوونی دووربوون لە لێڵی ڕێزمانی و واتایی...هتد)، لە لایەکی تریشەوە(سەرکەوتنی کۆمەڵگەی ئەمریکی لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا نوێیە پەرەسەندووەکان، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە زمانی ئینگلیزی بەخێرایی بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە و تەنگی بە زۆرێك لە زمانە نیشتمانییە بنەڕەتییەکان هەڵچنیوە) (د.ئەحمەد ئەبوزەید، 2005: 25)، هۆکارێکی تریش، کە لە پشت خێرابڵاوبووەنەوە و پەسەندبوونی زمانی ئینگلیزییەوەیە، (پرۆسەی فێرکردنە، کە یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی جیهانگیری زمانی، سیاسەتی فێرکردنی زمانی بیانی سیاسەتێکی جیهانگیرییە، کە هانی زمانەکان دەدات بە ئازادانە سنورە نیشتمانییەکان تێپەڕێنن، لە ئێستادا زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردەی زۆرێك لە وڵاتاندا بەکاردەهێنرێت) (ئومێد بەرزان برزۆ و...، 2019: 11)، یەکێکی تر لە هۆکارە گرنگەکان بەکارهێنانی ئەنتەرنێتە، چونکە زۆربەی خستنەڕووی داتاکان و زمانی بەکارهێنراو تیایدا زمانی ئینگلیزییە، قسەپێکەرانی زمانە جیاوازەکانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، زۆربەیان هەوڵی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی دەدەن هەمبەر بە گۆڕینی داتاکان و وشە و زاراوە ئینگلیزییە وەرگیراوەکان بۆ سەر زمانەکانی خۆیان. (پیشەسازی فیلم و پرۆگرامە تەلەفزیۆنییەکان و گۆرانی پۆپ، کە ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێت و بەشێوەیەکی سەرەکی بە زمانی ئینگلیزی بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە، بە تایبەتی لە بواری فلیمدا، کە دەزگای هۆلیۆدی ئەمریکی جڵەوی بە دەستەوە گرتووە، ڕۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا هەیە) (تورە یانسۆن،2019: 317-318). ئەم هۆکارانە زمانی ئینگلیزییان بەرەو بە جیهانیبوون بردووە، لە ئێستادا ئەو زمانەیە، کە خەڵکی لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکانی جیهاندا بۆ پەیوەندیەکانی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن، دیپلۆماتەکان، بازرگانان، زانایان، گەشتیاران، ڕێکخراوە خزمەتگوزاریەکان، فڕۆکەوانان، لێپرسراوی کۆنترۆڵکردنی ترافیکی ئاسمانی...هتد، پێویستیان بە ئامرازێکی لەبارە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا .ئەم ئامرازە ئێستا بە شێوەیەکی فراوان زمانی ئینگلیزییە، کە ئامرازێکە بۆ پەیوەندی نێوان کولتورەکان، بەڵام شوناس نییە) (سامۆیل. پ. هانتینگتۆن، 54،2005-55). لە ئێستادا (زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی ئیداریی و قسەکردنی ڕۆژانە لە زیاتر لە (60) وڵاتی جیهاندا کەڵکی لێوەردەگیرێت، هەروەها زمانی فەرمی (20) وڵاتە، لە (6) کیشوەردا ڕۆڵی سەلمێنراوی هەیە، زمانی پڕ فرۆشترین ڕۆمانەکانی جیهانە، زمانی(بڵاوکراوە پڕ تیراژەکان، کۆنترۆڵی هاتوچۆی ئاسمانی، بازرگانی نێونەتەویی، کۆنفرانسە جیهانییەکان، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، زانیاری دەماری، سیاسەت، وەرزشی)یە، زیاتر لە دوو لەسەر سێی زاناکانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی بابەت و کتێب دەنووسن، سێ لە چواری نامە ئەکادیمییەکانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرێت، لە(90%)ی پەیوەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی ئینگلیزییە(حوسێن یەعقوبی، 2007: 118).

بە جیهانیبوونی زمانی ئینگلیزی بەهۆی هۆکارەکانی جیهانگیرییەوە وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان، باڵی بەسەر زمانی کوردیشدا کیشاوە و لە فراوانبوون و پاوانخوازیدایە و مەترسی خستووەتەسەر زمانەکە، چونکە (پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی زمانێکی جیهانی دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر ستراکتۆری ڕێزمان و وشەگەلی زمانەکانی دیکەی جیهان تووشی گۆڕان و گۆڕانکاری بکات) (حسێن یەعقوبی، 2007: 114). ئەم کاریگەرییەی جیهانگیریی زمانییە، هەرچەندە لەلایەکەوە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە مەترسی دەخاتەسەر ئایندەی زمان لەڕووی وازهێنان لە فێربوونی زمانی دایك و بێ بایەخکردنی لە ناوەندە زانستی و ئابووریی و سیاسییەکان، لە ئێستادا زمانی (ئابووری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیاری و سەرچاوە توێژینەوە زانستییەکان و فیلم و داتاکانی کۆمپیوتەر و موبایل و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و تابلۆی دوکان و شوێنەکان و زانیارییەکانی سەر کەرەستە پزیشکی و خواردەمەنی و جوانکاری و پێویستییەکانی ناوماڵە...هتد)، لە ڕیگەیەوە چەندان وشەو زاراوە و دەربڕاو هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەکو(دیموکراسی، پەرلەمان، ڕیفراندۆم، بایۆمەتری، سیمینار، کۆنفراس، کۆنگرە، پلینوێم، پاسپۆرت، ئەنتەرنێت، ستۆدیۆ، موبایل، تەلەفون، باڵانس، فیدیۆ، فۆتۆ، ئەلیکترۆنی، سۆشیال میدیا، ڕیکلام، سکوریتی، دیزاین، ڕۆتین، ئۆرجیناڵ، براند، کوالێتی، ڤیستیڤاڵ، ماراسۆن، فەیسبوك، تۆیتەر، تیلیگرام، ڤایبەر، سناپ چات، ئیمێڵ، یاهو، جی مەیڵ، ویکپیدیا، یوتوب، ئەکاونت، سایت، چات، لایك، ئەکتیڤ، مێنشن، تاگ، کۆمێنت، سکایپ ، ئەدمین، تیك تۆك، مۆڵ، مارکێت، سۆپەرمارکێت، ڕیستۆران، دلیڤەری، فرێش، ساندویچ، پیتزا، کنتاکی، فنگر، مەیکەپ، فاشیۆن، فیلەر، بۆتۆکس، شۆ، ئەکشن، سوپرایس، فۆتۆشوپ، ئۆنلاین، کلاس ڕووم، گروپ، کویز، کۆرس، بۆلۆنیا، ئۆڤەر، تێست، ڕێست، ئۆف، بلۆك، تێنس، فاوڵ، پەرنارتی، بایکۆت، کافتریا، کافی، فاست فود، نیسکافە، کاپوچینە، دی ڤیدی، سیدی، فلاش، لاپتۆپ، ئایپاد، میمۆری، کۆپی، گەیم، ریکۆرد...هتد)، لەلایەکەوە فەرهەنگی زمانی کوردیی دەوڵەمەندکردووە و کەلێنێکی ئەو بوارە نوێیانەیان پڕکردووەتەوە، بووەتە هۆکاری دانەبڕانی قسەپێکەرانی زمانی کوردی لە زانست و زانیاری و سودوەرگرتن لە داهێنان و گۆڕانە نوێیە جیهانییەکان، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانە زیندووە و هیچ زمانێکی جیهان بە دەر نییە لەم کاریگەرییانە، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بێ پلانی و بایەخپێدان و فراوانی کاریگەرییەکانی زمانی ئینگلیزی، مەترسییەکی ڕاستەقینەی خستووەتەسەر زمانی کوردی، بە جۆرێك زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکان و زمانی یەکەمی ئەو منداڵانەی لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە تایبەتەکان دەخوێنن زمانی ئینگلیزییە، سەرەڕای ئەمەش زۆرێك لە قسەپێکەرانی زمانی کوردی بۆ وەرگرتنی زانیاری و دەستکەوتنی کار و دانەبڕان لە دنیای دەرەوە، بایەخێکی گەورەی پێبدەدەن، لە جیاتی دانانی زاراوە و وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی بەرەو فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەڕۆن، بۆیە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی ئینگلیزی زانەکان لە زیادبووندایە، ڕەنگە لە داهاتوودا شانبەشانی زمانی کوردی لە سەر زەمینی جوگرافیای زمانی کوردی بڵاوبیتەوە و ببێتە زمانی دووەم و بکەوێتە ململانێی توندی زمانی کوردی، لە ڕووی بایەخپێدانی لە جیاتی فێربوونی زمانی دایك و بەکارهێنانی لە کاروباری ڕۆژانە و ڕامیاری و سیاسەت و ڕاگەیاندن و خوێندن، بەمەش مەترسی دەکەوێتە سەر داهاتووی زمانی کوردی، لەڕووی کەمبوونەوەوی ژمارەی قسەپێکەر و دابڕانی لەو بوارە گرنگانە و دەربڕینی بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردیی بە زمانەکانی تر، بەمەش (ناسنامە و ئەزموون و کولتور و ڕۆشنبیری و مێژو و زانیارییە تۆمارکراوەکان...هتد)ی کورد زمانەکان بەرەو نەمان دەبات.

بەشی دووەم:

### 1/2)مردنی زمان:

لە تایبەتمەندییەکانی زمان گۆڕاوەییەکەیەتی، وەکو بوونەوەرێکی زیندوو بە درێژایی تەمەنی تووشی لەناوچوونی تەواوەتی یان مردنی چەند خانەیەکی جەستەی دەبێتەوە، هەروەها گیانیشی بەبێ وەستان نوێ دەبێتەوە و خانەی نوێ لە دایك دەبێت (لویس جان کالفی، 2012: 255). گۆڕانکاری لە سەرجەم زمانە زیندووەکاندا هەرچەندە جیاوازیش بێت دیاریدەیەکی سروشتی بەردەوامە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی بە کۆمەڵەوە هەیەتی، کە ئاوێنەی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەیە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن. ئەو گۆڕانە گەورە و خێراییەی، کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، لەگەڵیدا زمانیشی گۆڕیوە، جا گۆڕان بێت بەرەو گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی و زیاتربوونی ژمارەی قسەپێکەران و گواستنەوەی نەوە بۆ نەوە، کە نیشانەی زیندوویەتی زمانە یان بە پێچەوانەوە سستبوون و پوکانەوەیەتی لەئەنجامی وازهێنانی قسەپێکەرانی لە بایەخدان بە زمانەکە و کەمبوونەوەی ژمارەی قسەپێکەران و کاریگەری زمانەکانی تر لەسەری، کە ڕێگەی بەرە و لەناوچوونی زمانەکەیە. هۆیەکانی جیهانگیری لە ڕوانگەی پێشکەوتوویی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و زانست و بایەخی خوێندن و گەشەی ئابووری و ...هتد، بوونەتە هۆکاری ئەوەی بەربەککەوتن ململانێی نێوان زمانەکان توندبوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، زمانە گەشەسەندو و دەرکەوتووەکان بە پاڵپشتی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، تەنگیان بە زۆرێك لە زمانەکانی تر بەتایبەتی زمانی کەمینەکان هەڵچنیوە و خۆیان لە سەر حسابی ئەوان لەلایەکەوە لە ڕووی ژمارەی قسەپێکەر و لەلایەکی تریشەوە لەڕووی سنوری جوگرافیای بەکارهێنانی زمانەکەوە فراوانکردووە، بەمەش کاریگەریەکی گەورەی لەسەر خێرایی مردنی زمانەکان دروست کردووە.، چونکە (پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانێکی سروشتیی وەکو زمانی جیهانی، دەتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر، ستراکچەری ڕێزمانی و وشەگەلی دیکەی زمانەکانی جیهان توشی گۆڕان بکات، دەکرێت ئەم گۆڕانە کاریگەر بێت و ژەهرێکی کوشندە بێت بۆ لەناوبردنی هەندێ زمان) (محەمەد مەجید سەعید، 2015: 117). ئەگەر لە پێشوتردا سنورە جوگرافی و سیاسی و نەتەوەیی و کەلتورییەکان بووبوونە بەربەست لەبەردەم پاراستنی زمان و ڕێگربوون لە مردن و لەناوچوونی، ئەوە لە ئێستادا هۆیەکانی پەیوەندی و ئاسانبوونی هاتوچۆ و تێکڵاوی نێوان تاکەکانی زمانە جیاوازەکان ئەو بەربەستانەیان شکاندووە، بەجۆرێك ئەگەر لە پێشوودا زمانێك بۆ باڵادەستبوونی پێویستی بە داگیرکردنی خاکی زمانێکی بندەست هەبوایە، ئەوە لە ئێستادا زمانە گەورە و گەشەسەندووەکان هەر لەسەر زەوی جوگرافیای خۆیانەوە ململانێ لەگەڵ زمانەکانی تردا دەکەن و کاریگەریان لەسەر جێدەهێڵن، بەمەش زیان بە بەشێك لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەدەن، چونکە (زمان تەنها بریتی نییە لە کۆمەڵێك لایەنی وشەسازی و ڕێزمانی و تەنها بۆ گفتوگۆکردن و پەیوەندی نێوان تاکەکان بەکاربهێنرێت، بەڵکو هەموو زمانێک سیستەمێکی زانیاری سروشتی و کولتوری لەناودایە، کە بەرئەنجامی گەشەکردووی بیری مرۆڤە، وەکو سەرچاوە و بەڵگە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی مرۆڤایەتی پێویستە) (Baba zanna Isa and ..., 2014: 46). سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاری ئەلیکترۆنی، گۆڕانکارییەکی نوێی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دروستکردووە و سنورە جوگرافی و ڕامیارییەکانی نێوان گروپ و نەتەوە جیاوازەکانی بەزاندووە، ململانێیەکی بەربڵاوی لە زۆربەی بوارە کولتوری و زانستی و ڕۆشنبیری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان...هتد) دروستکردووە. بوونەتەهۆی لەیەك نزیككردنەوە و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکان و پێکەوە کارکردنی هاوبەش بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئایین و زمان و ئایدۆلۆژیا و لایەنی کۆمەڵایەتی. هۆیەکانی وەکو (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و فلیم و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و کۆمپیوتەر و موبایل و داتاکانیان... هتد)، ڕێگەیەکی نوێی خێرایی گواستنەوەی زانیارین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لەم ڕێگەیەوە وڵاتانی خاوەن ئەم جۆرە نوێیانەی پیشەسازی، لە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی ناسنامە و بیر و کولتور و زمانی نەتەوە لاوازەکانی دیکەن، چونکە لە دووتوێی پرۆگرام و داتای ئامێرەکانەوە زمان و بیر و کولتور و ڕۆشنبیری خۆیان دەگوێزنەوە و ناچاریان دەکەن بۆ سود وەرگرتن لە زانیارییەکان و بەکارهێنانیان، خۆیان فێری ئەو زمانە بیانیانە بکەن، بەمشێوەیەش زمان ترۆپکی ئەو ململانێ و کاریگەرییانەی لەسەر دەرکەوتووە، لەلایەکەوە لەڕووی هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی بوارەکە بۆ ناو زمان و لەلایەکی تریشەوە بایەخدان بە خوێندن و فێربوونی ئەو زمانانە و بە لاواز سەیرکردنی زمانی دایکییان. زمانی کوردیش یەکیکە لەو زمانانەی، کە کاریگەری زمانی تەکنەلۆژیای لەسەردەرکەوتووە بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، بە جۆرێك بووەتەهۆی سەرهەڵدانی زمانێکی بیانی لەسەر جوگرافیای زمانی کوردی، زیاتر بەکارهێنانی هەمبەر بە زمانی کوردی لە بوارەکەدا، ئەویش بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا نەتوانراوە بە شێوەیەکی زانستی زمانی کوردی بۆ زمانی ئامێرەکان و داتاکان زیادبکرێت، دوای چەندین ساڵ لە بەکارهێنانی موبایل و ئەنتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان هێشتا زمانی زانیاری و داتاکان بە زمانەکانی ترن بەتایبەتی ئینگلیزی و عەرەبی، ئەمەش بوونەتەهۆی هاتنەناوەی بە لێشاوی وشە و زاراوەی بیانی، بەمەش زمانی کوردی لە زمانی زانست و تەکنەلۆژیای نوێ دوورخستووەتەوە.

2/2) جۆری زمانەکانی جیهان:

### 1-2/2) زمانی زیندوو:

مەبەست لەو زمانانەیە، کە ژمارەیەك قسەپێکەر لە جوگرافیای زمانەکەدا وەکو زمانی دایك بۆ پەیوەندیکردن و لێگەیشتنی نێوانیان لە کاروباری ڕۆژانەی ناوماڵ و بازاڕ و قوتابخانە و ڕاگەیاندن و زانست و کاروبارە ڕامیارییەکان...هتد، بەکاریدەهێنن و نەوە بۆ نەوە بۆ منداڵەکانیان دەیگوێزنەوە، لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانیشدا پێشیدەخەن و لەناوچوون دەیپارێزن، بەشێوەیەك ئاوێنەی پیشاندانی ڕابردوو و ئایندەی ئەو کۆمەڵەیە بێت. ئەگەر زمانێك لەگەڵ پێویستی ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤدا شانبەشان ڕۆشت و وێنەیەکی ڕاست و تەواوی بیر و هۆش و هونەری خاوەنەکەی دەرخست، ئەوا زمانێکی ساغ و زیندووە ( پاکیزە ڕەفیق حلمی، 1975: 158). زمانی زیندوو هەمیشە لە گەشە و گۆڕاندایە، بەهۆی ئەو هێزە ناوکییەی هەیەتی دەیەوێت گۆڕانکارییەکانی ناوخۆیی، بەپێی سیستەمە ناوکییەکەی خۆی بێت، هەرکات ئەو سیستەمە ناوەکییەی ناو زمان، لەلایەن زمانێکی ترەوە کۆنترۆڵکرا، ئەوە مەرگی زمانە کۆنترۆڵکراوەکە ڕاگەیەنراوە، بۆیە بۆ زمان مەترسییە کۆنترۆڵی خۆی بە تەواوەتی بداتە دەست زمانێکی ترەوە (بەهمەن تاهیر نەریمان، 2013: 32). ئەوەی گرنگە بۆ زیندوویەتی زمان، نەوە بۆ نەوە بگوێزرێتەوە و لە کاروباری ڕۆژانە و ڕامیاری و

خوێندن و ڕاگەیاندن و نوسیندا بەکاربهێنرێت و تۆماربکرێت، هەروەها خۆی لە مەترسییەکانی زمانەکانی تر بپارێزێت و فەرهەنگەکەی بەپێی پێویستییەکانی قسەپێکەرانی بە وشە و زاراوە دروستکردن و وەرگرتن دەوڵەمەند بکات. هەرچەندە زۆری ژمارەی قسەپێکەران بە مەرجی سەرەکی زیندوویّتی زمان دانانرێت، بەڵام هۆکاریکی گرنگە بۆ تەمەن درێژی زمانەکە. (ئەگەرچی زیاتر لە (6000) هەزار زمان لە جیهاندا هەیە، بەڵام لەڕووی ژمارەی قسەپێکەرەوە ناهاوسەنگن، نزیکەی (96%)ی دانیشتوانی جیهان بە (4%)ی زمانەکانەکان قسەدەکەن، هەروەها نزیکەی نیوە دانیشتوانی جیهان بە (20) زمانی جیاواز قسەدەکەن، لەو ژمارەیە نزیکەی (2.4) ملیار کەس (8) زمان بەکاردەهێنن، ئەوانیش زمانەکانی(ماندارین، ئیسپانی، ئینگلیزی، بەنگالی، هندی. پورتوگالی، ڕووسی، ئەڵمانی)ن (Crystal, 2003: 14). بەشێوەیەکی گشتی سێ هۆکار لە پاراستنی زمان و بە زیندوو هێشتنەوەی، بایەخی گەورەیان هەیە، ئەوانیش (دیفید کریستاڵ، 2020: 173-174):

1- خۆشویستنی زمانەکە لەلایەن قسەپێکەرانییەوە، بە شێوەیەك وەکو زمانی دایکی خۆیان بایەخی پێبدەن و ڕێگا لە مەرگی بگرن.
2- حکومەت ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی زماندا هەیە.
3- هەوڵی بوژاندنەوە و گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی بدرێت، لە ڕێگەی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دیکۆمێنتکردنی زمانەکە، لە ڕووی نووسینەوە و تۆمارکردنی ڕێزمان و دانە فەرهەنگییەکانەوە، هەروەها دانانی بەرنامەی خوێندن و ڕاهێنانی مامۆستا و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی تایبەت و بەکارهێنانی لە نووسینی تابلۆکان و پێکهێنانی ئەنجومەن و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان...هتد.

## 2-2/2) زمانی مردوو:

ئەو زمانەیە، کە کەسێك لە جیهاندا نەمابێتەوە وەکو زمانی دایك قسەی پێبکات، خەڵك لەبیریان چۆتەوە و بەکاری ناهێنن، هەیانە بە تەواوەتی لەناوچووە و ئاسەوار و دۆکۆمێنتێکی لەدوا بەجێ نەماوە و تەنها ناوی زمانەکە ماوەتەوە، هەشیانە  دوای مردنیان بەڵگە و دۆکۆمێنتیان لەدوا جێماوە و لێکۆڵەر و پسپۆڕان بۆ خوێندنەوەی تێکستە کۆنەکان بەو زمانانە ئیشی لەسەر دەکەن یان کاهین و پیاوە دینییەکان بۆ پاراستنی تێکستە کۆنەکانیان سوودی لێ وەردەگرن وەکو : زمانەکانی بابلی کۆن و میسری کۆن و سۆمەری و ئیغریقی کۆن و زمانی قیبتی کۆن...هتد (د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، 2012: 51 – 52). زمانەکان لە خۆیانەوە نامرن، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوەیە، وەکو(داگیرکاری و سیاسەت و دراوسێیەتی و کۆچ و شەڕوشۆڕ و ڕووداوە سروشتییەکان...هتد)، لەلایەك و هەروەها (سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەی ئابووری و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە شارەگەورەکان و کۆچکردنی خەڵکی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بۆ مەبەستی کارکردن، فراوانبوونی ڕێگاوبانەکان و ئاسانکاری هاتووچۆ لە نێوان شار و گوندەکان...هتد) لەلایەکی ترەوە، بوونەتەهۆی لێکنزیکبوونەوە و تێکڵاوی لەنێوان تاکەکانی گروپ و نەتەوە جیاوازەکان، بەریەککەوتنیان لەنێوان زمانەکانیان هێناوەتەئاراوە و سنورە دیاریکراوەکانی نێوانیانیان بەزاندووە. لەئێستادا هۆیەکانی جیهانگیریی بە تایبەتی شۆڕشی پیشەسازی، ڕۆڵێکی گەورە لە ململانێی نێوان زمانەکان دەگێڕێت. چونکە (ئەم سیستەمە ئابوورییە زمانێك باڵا دەستدەکات، کە بایەخی ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی هەیە، هۆکارە بۆ لەناوچوونی ئەو زمانانەی کە ئەو بایەخەیان نییە) (سوداد ڕەسوڵ، 2014: 39)، بۆیە زۆرێك لە زمانەکان مەیدانی جوگرافیای قسەپێکەرانی خۆیان بۆ زمانی خاوەن ئەو هۆکارانە چۆڵکردووە. هۆکارێکی تری مردنی زمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ (کۆنبوون و دوورکەوتنەوەی زمانی نووسین و ئاخاوتنی لە یەکتری، ئەم جۆرە زمانانە لە ئەنجامی زۆربوونی ژمارەی قسەپێکەران و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری و کەمی پەیوەندی نێوان قسەپێکەران، جیاوازی زمانیی لە نێوانیاندا دروستدەبێت و لە قۆناغی یەکەمدا چەند دیالێکتێکی ئەو زمانە، وردە وردە لە زمانە بنەڕەتییەکە دووردەکەونەوە، چونکە ناتوانێت وەکو زمانێکی زیندوو وەڵام پێویستییە زمانییەکانی قسەپێکەرانی بداتەوە، یان دەبێت ئەو زمانە نوێبکرێتەوە یان دەبێتە زمانێکی مردووە و دیالێکتەکانی لە قۆناغی دوایدا دەبنە زمانی سەربەخۆ، بۆ نموونە زمانی لاتینی لە ئێستادا وەکو زمانێکی مردوو هەژماردەکرێت، بەڵام دیالێکتەکانی بوون بە زمانی سەربەخۆ، وەکو زمانەکانی (ئیتالی و ئیسپانی و فەرەنسی و ڕۆمانی و کەتەلانی) (سوداد ڕەسوڵ، 2014: 34-35 ). هۆکارێکی تری مەترسییەکانی سەر زمان بەرفراوانبوونی میدیای جەماوەری، وەکو کەناڵەکانی سەتەلایت و گەیشتنیان بە هەموو شوێنێکی سەر ئەم زەوییە، هانی بڵاوکردنەوەی چەند زمانێکی دیاریکراو دەدات، ئینتەرنێتیش لەسەرتاسەری جیهان بابەتەکانی بە چەند زمانێکی هەڵبژێراو بڵاودەکاتەوە، بۆیە قسەپێکەرانی زمانە کەمینەکان ناچارن بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان خۆیان فێری ئەو زمانانە بکەن. (بێرنارد کەمرێ و...، 2007: 105). (نزیکەی (80%) زمانەکانی کیشوەری ئەفریقیا تەنها زمانی زارەکین، ئەمەش مەترسی ڕووبەڕووی لەناوچوونیان دەکاتەوە، تێبینی نەبوونی هیچ خاڵێکی هاوبەش ناکرێت لەنێوان ئەم کەسانە و زمان و ڕۆشنبیریاندا، هەر یەکێکیان سەر بە شوێنێکی جوگرافییە و دوور لە وڵاتی ئەوی تر، سەرەڕای ئەمە دەکرێت بوترێت: تاکە خاڵی هاوبەشی نێوانیان کە کۆیان دەکاتەوە لە ناوچوونی ڕۆشنبیری و زمانەکەیانە دوای مردنیان (محمد محمد داود، 2016: 40). جۆراوجۆری زمان و پاراستنیان لە فەوتان پێویستییەکی مرۆڤایەتییە (کاتێك زمانێك دەمرێت خەزێنەیەکی گرانبەها لە (فۆلکلۆر، ئەفسانە، گۆرانی، دابونەریتی کۆن، ئایینی کۆمەڵەکە، گەلێك پەند...هتد)، کە تێڕوانین و ئەزموونی تایبەتی قسەپێکەرەکانی ئەو زمانە بووە دەنێژرێ و نامێنێت (حسێن یەعقووبی، 2007: 112-113)، ئەگەر قسەپێکەرانی زمانێك، زمانەکەیان خۆشبووێت و بیانەوێت لە مردن بیپارێزن، دەبێت بەکاریبهێنن، ئەگەر سیاسییەکان پشت لە زمان نەکەن و لە بایەخی زمان تێبگەن و پارە و بودجەی پێویستی مانەوە و گەشەپێدانی دابین بکەن، گومانی تێدانییە زمان لە لێواری مەرگیشدا بێت دەژێیەتەوە (دیڤید کریستاڵ، 2020: 334-335). هەندێك لەو هەنگاوانەی پێویستن بۆ پارێزگاری کردن لە لەناوچوونی زمانەکان پەیڕەوبکرێن، بریتین لە Baba zanna Isa and (..., 2014: p48):

1- جێگیرکردنی گەشەی دانیشتوانی قسەپێکەرانی زمان.
2- پەرەدان بە ژیانی ئاسایی ناوچەی گوندنشینەکان.
3- پەرەدان بە ژیانی ئاسایی خەڵکی هەژار لە وڵاتانی گەشەکردوودا.
4- دەسەڵاتدان بە خەڵکی و دەست وەرنەدان لەڕێگای ژیانیان و خۆ بەڕێوەبردنیان.

5- ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی دەست لە پشتگوێخستنی زمانی کەمینەکان هەڵگرن، ئەوا لەناوچوونی زمان کەمتر دەبێتەوە.

## 3/2) ڕێگاکانی مردنی زمانەکان:

زمانەکان بە شێوەیەکی گشتی بە سێ ڕێگە لەناو دەچن، کە ئەمانەن:

1-3/2) مردنی سروشتی زمان:

1-1-3/2) نەمانی قسەپێکەر:

تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەهۆی زمانەوە لە کۆمەڵدا دەژین، بە پێچەوانەشەوە زمان بەبێ قسەپێکەرەکانی ناژێت، کاتێك زمانێك قسەپێکەری نامێنێت و خەڵکەکەی قسەی پێ نەکەن و بیگۆڕنەوە بە زمانێکی تر، ڕاستەوخۆ زمانەکەش دەمرێت، چونکە هیچ کەسێك نابێت بەو زمانە قسە بکات و بەکاربهێنێت، هەروەها گەشەی پێبدات و لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵیشدا پێشی بخات و بیپارێزێت و تۆماری بکات. لە هەموو بەشەکانی جیهاندا چەندان زمان مردوون یان لەسەرەمەرگدان. (ئەوەش بەهۆی هەڵکشانی تەمەنی قسەپێکەران یان دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری و هەڵبژاردنی شارستانییەتی نوێ و جیاواز، بەجۆرێك هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نەماوەتەوە، بە تێپەڕبوونی کات نەوە لە دوای نەوە زمانی دایکی لە بیری ڕۆڵەکانیدا دەچێتەوە و لای هەر یەکێکیان زمانێکی نوێ یان دیالێکتێك لە زمانە کۆنەکە وەکو زمانی دایك دروستدەبێت) (محمد محمد داود، 2016: 41). یەکێکی تر لە هۆکاری نەمانی قسەکەر ئەوەیە، کە خەڵکی دەست لەو زمانە ناوچەییانە هەڵدەگرێت، کە ژمارەی قسەپێکەرانیان کەمە و دەیگۆڕنەوە بە زمانێکی تر، کە ژمارەی قسەپێکەرانی زیاترە و لە ناوچەیەکی فراوانتر بەکاردەهێنرێت، بەهۆی ئەوەی پەروەردەی خوێندنگە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بڵاوبوەتەوە و زمانی ڕێنماییش یەکێکە لە زمانە گەورەکان، هەروەها گەشتکردن و بازرگانی و ڕاگەیاندنی گشتی و تەندروستی و کاری بەکرێ و باج و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی...هتد بە سودی زمانە گەورەکان شکاوەتەوە و بوونەتە کێشە بۆ زمانە بچووکەکان(تووره یانسۆن، 2019: 298). ڕەنگە لە داهاتوودا ژمارەی زمانەکانی جیهان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمببنەوە و زۆرێکیان لەناوبچن، چونکە زیاتر لە چارەکێکی زمانەکانی جیهان ژمارە قسەپێکەرانیان لە (1000) کەس کەمترە، هەروەها نزیکەی نیوەی زمانەکانی جیهان ژمارەی قسەپێکەرانیان ناگاتە (10000)کەس، بەهۆی کەمی ژمارەی قسەپێکەرەوە تەنها لە ماوەی (15) ساڵدا (1981 بۆ 1996) لە کۆی (50) زمانی ڕەسەنی هەردوو ئەمریکا (47)یان لەناوچوون و تەنها زمانەکانی(ئینوکتیتوت (Inuktitut) و کری (Cree) و ئۆجیبوا (Ojibwa) ماونەتەوە. (Crystal, 2003: 15 -16). مردنی زمانەکان لە ئێستادا زۆر خێرایە و چەندان زمان هەن بە کەمبوونەوەی ژمارەی قسەپێکەران و نەگوێزانەوەی بۆ منداڵان لە لێواری لەناوچووندان، وەکو زمانی (ئێیاك)، کە یەکێك بووە لە زمان هیندییەکانی کەناری باشوری ئەلاسکا و زمانی (ئووبیخ) لە باکوری ڕۆژئاوای قەوقاز و زمانی (کیوپی یۆ) زمانی هیندییەکانی باشوری کالیفۆرنیا...هتد، هەریەکەیان تاوەکو ساڵی 1992 تەنها دووکەس مابوونەوە بەم زمانە قسەبکەن (بێرنارد کەمرێ و ...، 2007: 67-70). لە ساڵی (1992) چرای زمانی ئەوبیخ (Ubykhin ) لە تورکیا، کە زمانێکی قەوقازی کۆنبوو لەگەڵ مردنی دوا قسەکەری، کوژایەوە(محمد محمد داود، 2016: 39).

2-1-3/3) پشتکردن لە زمانی دایك:

زمانی دایکی هەر نەتەوەیەك هێمایە بۆ ناسنامە و ڕۆشنبیری و مێژووی ئەو نەتەوەیە، سەلمێندراوە کە پەرشوبڵاوی پشتکردن لە زمانی دایك پەرشوبڵاوی تاکەکان و نەمانی کەسایەتی و ناسنامەی ئەو نەتەوەیە دەگەیەنێت (محمد محمد داود، 2016: 78)، بۆیە زمانی دایك بۆ مانەوەی پێویستی بەوەیە نەوە بۆ نەوە بگوێزرێتەوە، چونکە زمان پێویستی بە قسەکەرە، کە بەکاریهێنن و پێشی بخەن و تۆماری بکەن. پاشگەزبوونەوەی قسەپێکەران لە زمانەکەی خۆیان و بڕوابوون بەوەی، کە زمانەکەیان دواکەوتووە و ناتوانێت شانبەشانی شارستانییەت هەنگاو بنێت و فێرنەکردنی منداڵان بە زمانی دایك و نەگوێزانەوەی بۆ نەوەی داهاتوو و گۆڕینی بەو زمانە بیانیانەی هەیمەنەیێکی سیاسی و زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی قسەپێکەران و بەرەو لەناوچوونی. بەپێی توێژینەوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ (هەر زمانێك ڕێژەی (30%)ی منداڵانی سەر بەو زمانە کەمتر قسەی پێ بکەن، ئەوا ئەو زمانە لەسەرڕێڕەوی مردن دەجوڵێت و وردە وردە بەرەو لەناوچوونی دەبات (د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، 2012: 54). لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنەوە دەتوانرێت گەشە بە زمانی دایك بدرێت و نەوە بۆ نەوە بگوازرێتەوە، گروپ یان نەتەوەی خاوەن زمانەکەش بپارێزرێت، چونکە (زمانی دایك، بە سەرچاوەی بنەڕەتی و کرۆکی بەدەستهێنانی بیر و بەها و کۆزانین و فێربوون و پەیوەندیگرتن...هتد، دانراوە، بۆیە زمان بە دیاریکەری مەعریفە و دنیابینی و ئەزمون و تێکۆشان و ڕەفتار و کەسێتی جیهانی ئاخێوەرانی دەستنیشانکراوە(د.شیلان عومەر حسێن : 2016، ل58)، هەر بۆیە داگیرکەران لە ڕێگەی قەدەغەکردنی خوێندنی زمانی دایکەوە هەوڵی لەناوبردن و توانەوەی ناسنامەی گەلی ژێردەستە دەدەن. هەر لەڕێگەیەوە خوێندنەوە ئەتوانرێت زمانی بیانیش بەدەست بهێنرێت و بۆ سود وەرگرتن لە زانست و ئاشنابوون بە کولتور و شارستانییەتی گەلانی تر، کە لە ڕێگەیەوە کۆزانیاری زمانی تاکەکان دەوڵەمەند دەبێت، ئەمەش دەبێت بەپێی پلان و سیاسەتی زمانی بێت، کە کاریگەری نەکاتە سەر زمانی دایك.

لەم ساڵانەی دوایدا بەبێ پلانێکی زانستی و زمانەوانی، چەندان قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆی تایبەت کراونەتەوە، کە بەرژەوەندی دارایی لە پێشەوەی ئامانجە پەروەردەیی و نیشتمانییەکاندایە، بەشێوەیەکی گشتی زمانی کوردییان لە پرۆگرامەکانیان پشتگوێ خستووە و زمانی بیانی بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، ئەمەش ململانێیەکی نوێی بۆ زمانی کوردی دروستکردووە، کە ڕەنگە داهاتووی زمانی وەکو زمانی زانست و ڕۆشنبیری بخاتە مەترسییەوە، لە دوو لایەنەوە:

1- پشتکردن لە خوێندن بە زمانی دایك، دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی قسەپێکەرانی زمانەکەوە و نەگوێزانەوەی بۆ نەوەی داهاتوو، کە بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر زمان دادەنرێت، چونکە نەخوێندن بە زمانی دایك ڕەنگە نەوەیەك بەرهەمبهێنێت، بیرکردنەوەیان جیاوازبێت و تەنها زمانی کوردی لە ماڵ و بازاڕدا بەکاربهێنن، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە هەر لە باخچەی ساوایانەوە بە زمانی بیانی دەخوێنن، هەڵوێستیان بەرامبەر زمانی کوردی خراپ دەبێت و بە کەم بەها و لاوازی دایدەنێن.

2- خوێندنی زانست بە زمانی بیانی دەبێتەهۆی ئەوەی کە خوێندکاران و کەسانی بە توانا پشت لە زمانەکەیان وەکو زمانی زانست بکەن و بە لاواز و کەم توانا لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری...هتد دایبنێت، هەر زمانێکیش بەشداری بەرهەمهێنانی زانین و زانست و داهێنان و رۆشنبیری و سیاسەتە نێو دەوڵەتییەکان نەکات و نەتوانێت خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێنیت، ئەوە لەبەرامبەر زمانەکانی تر پاشەکشەدەکات و ناتوانێت دەربڕی بیرکردنەوەی تاکەکانی بێت، بەمەش یەکێك لە پایە گەورە و گرنگەکانی زمانەکە دەکەوێت و وەهای لێدەکات تەنها لە ماڵان و بازاڕدا بەکاربهێنرێت و لە زمانی زانست و داهێنان دوور بکەویتەوە.

ئەم جۆرە هەڵوێست وەرگرتن و پشت لە زمانی دایك کردنە لای ژمارەیەك کوردزمان دروستبووە، یەکێکە لەو کێشانەی رووبەڕووی زمانی کوردی بووەتەوە، رەنگە لە داهاتوودا کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر زمانی کوردی، خەڵکانێك بە ئارەزوو دەستبەرداری زمانی کوردی دەبن و زمانی تر هەڵدەبژێرن و منداڵەکانیشیان فێری زمانی نوێ دەکەن، پێیانوایە زمانە نوێیەکە پلەوپاییەی باشتریان لە رووی دەستکەوتنی کار و گەیشتن بە پیشەی باڵا بۆ مسۆگەر دەکات، بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی هەلی کارەکاندا زانینی زمانی تر بە مەرجێکی سەرەکی دادەنرێت و بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکانیش زمان مەرجێکی سەرەکییە، لەلایەکی تریشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاندەری ئەم پشت لە زمانکردنەیە، بەهۆی ئەو رێنماییانەی کە بایەخی زمانی کوردی لەبەر چاو نەگیراوە، بۆ نموونە لە رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا کار لەسەر کەمکردنەوەی گرنگی زمان کراوە، لە رێگەی رێگەدان بە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا تایبەتەکان، کە زمانی پرۆگرامەکانیان بە زمانی بیانی بەتایبەتی زمانەکانی (ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسی)بێت، هەروەها هەژمارنەکردنی وانەی زمانی کوردی لە قۆناغی دوازدەی ئامادەیی بۆ وەرگرتن لە بەشە زانستییە گرنگەکان و دابڕانی چینێکی بەتوانا و بەهرەمەندە لە بەتەواوەتی فێربوونی زمانی دایك و بەکارهێنانی لە بوارە زانستی و رۆشنبیرییەکان، ئەمەش رەنگدانەوەی لەسەر بیرکردنەوە و ناسنامە و شێوازی ژیانیان لە داهاتوودا دەبێت، سەرەڕای ئەمانەش هەوڵدان بۆ بە ئینگلیزیکردنی چەند پرۆگرامێکی قوتابخانەکان وەکو (بیرکاری و زانست) لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە. بەشێك لە کورد زمانەکان پێیانوایە فێربوونی زمانی تر بەتایبەتی زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ ئایندەی نەوەکانیان باشترە، بۆیە بە بەردەوامی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتەکان بەتایبەتی ئەوانەی بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن لە هەڵکشاندایە. لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، کە ئەوکاتە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان هەمبەر بە عێراق لە پێشتربووە، هەلی خوێندن و دامەزراندن لە کوردستان زۆرتربووە، سەرەڕای هەڵویستی نەتەوەیی، کە ماوەیەکی کەمبوو لە ژێر دەستی رژێمی بەعس رزگاربووبوون، دانیشتوانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە شارەکانی کەرکوك و خانەقین و مەخمور...هتد، بە لێشاوە منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانە کوردییەکان، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی ئەو بارودۆخە دارایی و رامیاریی و سیاسییەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، هاوکێشەکە پێچەوانەبووەوە و زۆرێك لە هاوڵاتیانی کوردزمان بەویستی خۆیان قوتابییەکانیان دەگوێزنەوە بۆ قوتابخانە عەرەبییەکان و ساڵ بە ساڵیش ئەم دیاریدەیە لە زیادبووندایە.

3/2-1-3) بایەخ پێنەدانی زمانی دایك لە لەلایەن حکومەتەوە:

(میشێ کرۆس) زمانناسی ئەمریکی پێیوایە: (زۆربەی ئەو زمانانەی، کە لە داهاتوودا بەختی مانەوەیان هەیە، زمانی فەرمی نەتەوەی ئەو وڵاتانەن، کە سەروەری نیشتیمانییان هەیە) (بێرنارد کەمرێ و...، 2007: 67). زۆرینەی زۆری حکومەتەکان لەو بڕوایەدان، دامەزراوەیەکی نموونەیی سیاسی، دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە یەك گروپی رەگەزی و یەك زمان بە قازانجی وڵاتەکە دەگەڕێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەو کێشانەی فرەزمانی دەیهێنێتەئاراوە لەڕووی ئاڵۆزی رێکخستنی وانەوتنەوە لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان و نەگونجانی نووسینی یاسا و گفتوگۆی نێو پەرلەمان بە چەند زمانێك، هەروەها پەیدانەبوونی پۆلیس و فەرمانبەرانی تەندروستی، کە توانایان بەسەر هەموو زمانەکانی ئەو حکومەتەدا هەبێت. ئەم بیرۆکەیە لە ئەوروپا بەهێزبووە و گەلێك دەوڵەت بەم ئاڕاستەیە کاریان کردووە و گەلێك زمانیان لەناو بردووە، بۆ نموونە لە فەرەنسا و سوید سزای خوێندکاران دەدرا ئەگەر لە کاتی پشووی نێوان وانەکان بە زمانی دایکی خۆیان جیاوازبێت لە زمانی فەرمی قسەیان بکردایە (تووره یانسۆن، 2019: 306 -307). لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، منداڵانی زمانە کەمینەکانیان لە خێزانەکانیان دووردەخستەوە و دەیان ناردنە ئەو قوتابخانانەی بەشی ناوخۆییان هەبوو، لەوێشدا ناچاردەکران فێری زمانی ئینگلیزی ببن، لەمەوە منداڵی چەندان خێڵی جیاواز پێکەوە کۆدەکرانەوە و ئینگلیزی کرا بە تاکە زمانی ئاخاوتنیان. (بێرنارد کەمرێ و...، 2007: 103). زۆرجار لە بەرامبەر فشارەکانی حکومەت لەسەر زمانەکانی تر لەلایەکەوە و گرنگی و بایەخی زمانی دایك، وەکو بەشێك لە شوناسی قسەپێکەران لەلایەکی ترەوە، خۆپیشاندان و نارەزای لەسەر زمان دروستبووە و رووداوی نەخوازراوی لێکەوتووەتەوە، یەکێك لەو رووداوانە لە (21) ی شوباتی ساڵی (1952) روویدا، کاتێك گروپێك لە قوتابیانی پاکستانی خۆرهەڵات، کە بەنگلادشی ئێستا دەکات، بۆ پشتیوانی زمانەکەیان (بەنگالی) و ناسینی وەکو زمانی فەرمی حکومەتی پاکستان لە پاڵ زمانی (ئۆردو)، پۆلیس بە چەك وڵامیدانەوە و چەندان بریندار و کوژراوی لێکەوتەوە، ئەم رووداوەش بووە هۆی ئەوەی رێکخراوی یونسکۆ لە ساڵی (2000)دا رۆژی (21)ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەکو رۆژی زمانی دایك دیاری بکات (دیفید کریستاڵ، 2020: 115).

**2-3/2) کوشتنی زمان:**

3/2-2-1) هۆکاری داگیرکاری:

داگیرکاری وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر، وا دەکات هەندێ زمان بمرن و زمانی تر شوێنیان بگرنەوە، چونکە لەدوای داگیرکردنی خاك، زمانی گەلی داگیرکەر دەکەوێتە ململانێی زمانی گەلی داگیرکراو. یەکەمین هۆکاری دەستگرتن بەسەر تاکەکانی گروپ و نەتەوە جیاجیاکانی سەر خاکەکەش، بە دەستگرتن بەسەر بیری کەسەکاندا جێبەجێدەکرێت، تەنها رێگەش بۆ ئەمە گۆڕانی زمانەکەیانە، چونکە لە دووتوێیدا بەها و کولتور و ئاین و ئەزموون مێژوو و ناسنامەیانی تێدا هەڵگیراوە. ونبوونی زمانی نەتەوەیەك لە نەتەوەکان ونبوونی رۆشنبیری خاوەنەکەیەتی و لە ئەنجامیشدا ونبوونی ناسنامەیەتی ،

چونکە زمان هەڵگری گرنگترین شێوەکانی پێکهێنەری ناسنامەی تایبەتی هەر نەتەوەیەکە، کە لەگەڵ ئایندا بەشدار دەبن لە دروستکردنی رۆشنبیری و شارستانی هەر نەتەوەیەك (محمد محمد داود، 2016: 79)، بۆ نموونە: ژمارەی زمانەکانی بەرازیل لە ساڵی (1530) پێش داگیرکاری پورتوگالییەکان (540) زمانی ناوخۆیی بووە، بەڵام دوای داگیرکردنی وڵاتەکەیان و مانەوەی داگیرکەران بۆ ماوەیەکی درێژ، سێ لەسەر چواری ئەو زمانانەی پێشوو لەناوچوون، لە ئێستادا کەمتر لە (135) زمان ماونەتەوە، لە ئوستراڵیاش لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، کە کەوتە ژێر داگیرکەری ئەوروپی، (250) زمانی ناوخۆیی هەبووە، بەڵام بەهۆی داگیرکارییەوە ئەو رێژەیە کەمی کرد و بە پێی ئامارەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، تەنیا (20) زمان ماونەتەوە(د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، 2012: 54). (دوای ئەوەی زمانی وێڵزی (Welsh) لە جەزیرەی بەریتانیا، لە ساڵی (1536) دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی بەریتانیا و زمانی ئینگلیزی دەبێتە زمانی ڕەسمی هەموو بەریتانیا، زمانی وێڵزی دەسەڵاتی خۆی لە دەست دەدات بۆ زمانی ئینگلیزی و قسەکردن بە زمان وێڵزی قەدەغەکراو و قسەپێکەرانیشی سزادەدران، بەمشێوەیە زمانی وێڵزی بە توندی بەرە و بنبڕکردن چوو، دواتر دوای هەوڵێکی زۆر زمانەکەیان بوژاندەوە، بەپێی سەرژمێری ساڵی 2011 لە کۆی سێ ملیۆن دانیشتووی وێڵز تەنها (562) هەزار کەس دەتوانن بە زمانی وێڵزی قسە بکەن) (سوداد ڕەسوڵ، 2014: 38). حکومەتە داگیرکەرەکانی خاکی کوردستانیش لە رێگەی قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایك لە قوتابخانە و ناوەندە رۆشنبیرییەکان، هەوڵی لەناوبردن و توانەوەی زمانەکەیانداوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، بەڵام بەهۆی پەیوەستبوونی تاکەکان بە زمانەکەیانەوە وەکو ناسنامەیان، سەرەڕای کاریگەریان بەڵام پیلانی لەناوبردنی زمانەکەیان پوچەڵکردەوە. دوای ئازادبوونی خاکی باشوری کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، بەشێوەیەکی گشتی خوێندن کرا بە زمانی کوردیی، ئەمەش بووەهۆی بوژاندنەوەیەکی گەورەی زمانی کوردی و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی داگیرکاری، کە بەهۆی سەپاندنی خوێندن بە زمانی عەرەبی باڵی بەسەر زمانی قسەکردن و بیر و فەرهەنگی تاکەکاندا کێشابوو، هەروەها بووەتەهۆی لێکنزیکردنەوەی شێوەزارەکان و هەنگاونان بۆ دروستبوونی زمانێکی ستانداردی کوردیی.

2-2-3/2) هۆکاری سیاسی:

باری سیاسی وا دەکات زمانی نەتەوەیەك، یان هۆزێك لە نێو زمانی نەتەوەیەکی دیکە بتوێتەوە، چونکە هەر گرنگی بە زمانی نەتەوەی باڵا لە سیاسەت دەدرێت و زمانی نەتەوەی ژێردەستە بەلاوە دەنرێت (د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، 2012: 54). هێزی زمان لە بەهێزی خاوەنەکەیدایە، ئەوەش بە پلەی یەکەم پشت دەبەستێت بە پێگەی سیاسی و رۆشنبیری و زانستی و ئابووری و بەڵگە مێژوویەکانی، ڕوونە هیچ وڵاتێك پێشناکەوێت و شارستانییەت دروست نابێت، ئەگەر زانست و خوێندن لەو وڵاتە بە زمانی دایك نەبێت، نەك بە زمانێکی بیانی، گەر هێزی داهێنان وەستا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، زمانیش دەوەستێت، گەر زمانیش وەستا ئەوە نەتەوە لە ناو دەچێت(محمد محمد داود، 2016: 30-31). ئەو زمانانەی، کە ژمارەی قسەپێکەرانیان کەمە، بە زۆری لە ڕووی دەسەڵاتی سیاسی و کاریگەری ئابووریەوە لاوازن، بە هەلومەرجی پڕمەترسیدا تێدەپەڕن و سەرنجی کەس بەلای خۆیدا ڕاناکێشێت و تەنانەت هەندێکجار قسەپێکەرانیش ئاگاداری ئەوە نین چی دەربارەی زمانەکەیان ڕوودەدات تاوەکو دەگاتە کاتێکی درەنگی پرۆسەکە، کە ئیتر لەدەستچووە (توورە یانسۆن، 2019: 295). لە قارەی ئەوروپا زمانەکان زیاتر ڕووبەڕووی لەناوچوون بوونەتەوە، ئەمەش بە هۆکاری سیاسی و ئابووری، بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەسەر بنچینەی یەك زمان بۆ یەك دەوڵەتی نەتەوەیی، بۆیە زمانی کەمینەکان قەدەغەکران و لە ئەنجامدا هەندێکیان لەناوچوون، بۆ نموونە زمانی کێڵتییەکانی بەریتانیا و گەیلکی و سکۆتی و ئێرلەندی و وێڵزی و مانکس و کۆرنیش)، کە لە ئێستا هەندێکیان قسەکەریان نەماوە یان زۆر کەمبوونەتەوە و بەرە لەناوچوون هەنگاو دەنێن(سوداد ڕەسوڵ، 2014: 39)، بەم رێگەیە (149) زمان لە کۆی (187) زمانی هندییەکان باکوری ئەمریکا لە لێواری لەناوچووندان و مردنیان نزیکە، ئەوەش بەهۆی ئەو سیاسەتە زمانییەی حکومەتی ئەمریکا بەرامبەریان پەیڕەوی کردووە و ناچار بەفێربوونی زمانی ئینگلیزیکراون (بێرنارد کەمرێ و ...، 2007: 71).

3-2-3/2) کۆچکردن و ڕاگواستن و شەڕوشۆڕ:

هەموو زمانێك جوگرافیاکی تایبەت بە بەکارهێنانی هەیە، کاتێك بەهۆکاری ڕووداوە سروشتییەکانی وەکو (بوومەلەرزە و بورکان و زریان و وشکەساڵی و نەخۆشی...هتد) یان ڕووداوە دەستکردەکانی وەکو (شەڕوشۆڕ و ململانێی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بێکاری...هتد)، قسەپێکەرانی زمانەکە ئەو خاکە جێدەهێڵن و بۆ سەر زەمینی خاکی زمانێکی تر کۆچدەکەن، سەرئەنجام لە دوای خۆیان زمانەکەشیان لەناودەچێت و دەمرێت. بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکی ترسناك لە شوێنێك، دەبێتە هۆی دەرچوونی خەڵکی ئەو شوێنە لە ناوچەکەی خۆیان و بڵاوبوونەوەیان بە ناوچەکانی تردا، وەکو (بڵاوبوونەوەی ئەنفلەوەنزا لە یەکێك لە گوندەکانی سەر ڕووباری (کلیۆن) لە وڵاتی (فەنزەوێلا)، کە بە زمانی ( تروما )ی قسەیان دەکرد، وایکرد ژمارەیان بۆ دە کەس کەم ببێتەوە) (د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، 2012: 54)، یان بەهۆی شەڕوشۆڕەوە سەرجەم قسەپێکەرانی زمانێك بکوژرێن، وەکو گوشتنی زمانی (یاهی) لەلایەن دانیشتوانە سپی پێستەکانی کالیفۆرنیاوە لە نێوان ساڵانی (1853-1870)، کە سەرجەم قسەپێکەرانی زمانی (یاهی)یان گوشت و لەگەڵیشیاندا زمانەکەشیان مرد، هەروەها گوشتنی سەرجەم قسەپێکەرانی زمانە ڕەسەنەکانی (تاسمانیا) لە نێوان سەلانی (1803-1835) لە لایەن کۆلۆنیالیستەکانی بەریتانیاوە (بێرنارد کەمرێ و...، 2007: 71).

3-3/2) مردنی زمان بە ژەهراویبوون:

(بەهۆی ئەو یاسا و ڕێسا خوازراو، یان وەرگیراوانە ڕوودەدات، کە دەچنە ناو زمانێکی ترەوە و بەپێی تێپەڕبوونی کات تێکەڵ بە زمانە بۆ وەرگیراوەکە دەبن و کار لە یاسا و ڕێساکانی دەکەن و دواجار بەرە و مردن و لە ناوچوونی دەبەن) (محەمەد مجید سەعید، 2015: 112). هەڕەشەی ژەهراویبوونی زمان لە کەمی بایەخدانی زمانە بە خۆگونجاندن لەگەڵ وشە خوازراوەکان لە سیستەمی دەنگدا لە لایەك و لە مەیلی بەرەو داڕشتنی پێکهاتە ڕێزمانییەکەی لەسەر شێوەی پێکهاتەی زمانی زاڵ لە لایەکی دیکەوە ( لویس جان کالفی، 2012: 145). (پلەوپایەی زمانی هەر کۆمەڵێکیش لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەو زمانە سیستەمێکی دیاریکراوی ڕێزمانی بە دەست دەهێنێت و ئەو کۆمەڵەش ڕێز لەو سیستەمە دەگرن و پارێزگاری لێدەکەن. وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەی دووچاری ئەو زمانە دەبێتەوە)

(ئازاد ڕەمەزان عەلی، 2005: 7). مەترسی گەورە، کە دەکرێت هەڕشە بێت بۆ سەر هەر زمانێك، بریتییە لە تێکچوونی سیستەمە زمانییەکەی، نەتەوە زیندووەکان دەرچوون لە سیستەمی زمانەوانی بەشێوەیەکی گشتی و ڕێزمانی بە تایبەتی ڕەتدەکەنەوە و لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هاواتایەك بۆ ئەو وشە بیانیانەی، کە لەگەڵ پیشەسازییەك یان داهێنانێکدا هاتووەتە ناو زمانەکەوە، گەر هەر ناچارن بوون بۆ بەکارهێنانی وشە بیانییەکە هەمواری دەکەنەوە و بۆ ئەوەی هەندێك لە تایبەتمەندیە زمانیەکەی خۆیانی پێبدەن( محمد محمد داود، 2016: 65-66). (کاتێك دەبینین، کە زمانێك، سیستەمی دەنگەکانی لەناو سیستەمی دەنگی زمانێکی دیکەدا دەتوێتەوە، هەروەها ڕستەکانی ئەو زمانە وێنەی ڕستەکانی زمانێکی دیکەن، لەو کاتەدا مەترسی هەڵمژین (ژەهراویبوون) دەستپێدەکات، دەنگ و ڕێزمان هەیکەلبەندی بونیادی زمانن، بەڵام وشەکان تانها ڕووکارەکەیەتی) (لویس جان کالفی، 2012: 145). سێ پێکهاتە لە زماندا هەن، بریتین لە ڕێزمان و دەنگ و وشە، وشەش گەورەترین پێکهاتەیە، کە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکارییەش داتا و جێگۆڕکێ دەگرێتەوە، بۆیە زۆربەی ئەو وشانەی زمانێك لە چەند زمانێکی ترەوە وەردەگیرێن، زمانەکە دەوڵەمەند دەکەن و کار لە سیما و ناوەڕۆکی زمانەکە ناکەن (لویس جان کالفی، 2012: 144-145)، ئەگەر بە فلتەری فۆنۆلۆژی زمانەکەدا تێپەڕن و تەنگ بە وشە و زاراوە خۆماڵییەکان هەڵنەچنن و هێمای نوێ بن بۆ دیاریدەیەکی نوێ لە زمانەکەدا. لە ململانێی نێوان زمانەکاندا، زمانی دۆڕاو لە ڕێگەی لەناوچوونی قۆناغێکی زۆر دەبرێت هەر قۆناغێك تایبەتمەند دەبێت بە ڕواڵەتێك لە ڕواڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوە و لاوازی بەرگری، زمانی زاڵ لە یەکەم پێوەدانی بە زمانە بەزیوەکەوە وردە وردە ژەهری خۆی دەکاتە گیانییەوە، کاریگەریی و ڕووبەڕووبونەوەش بە چەند قۆناغێك دەبێت، ئەگەر چارەسەرنەکرێت بەرەو لەناوچوون ئاڕاستەی دەکات و سەرئەنجام دەیکوژێت:

لە قۆناغی یەکەمدا:

زمانی زاڵ ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی دەرژێنێتە ناو زمانە بەزیوەکەوە و هێرشدەکاتەسەر فەرهەنگی زمانەکە، بەمەش پێگە و کۆڵەکە بنەڕەتیەکەی تووشی لاوازی دەکات و زۆر پایەی لێبنکەن دەکات، لەم قۆناغەدا زمانە بەزیوەکە پارێزگاری لە یاسا ڕێزمانییەکانی و سازگەی دروستبوونی دەنگەکان و شێوازی دەربڕینی وشەکان دەکات، دەستەواژە و گەردانکردنی وشەکانیان بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی خۆیان دروست دەکەن، ئەو فۆنێمانەی دەربڕاوە بیانییە هاتووەکان، کە لەناو ڕیزی فۆنێمەکانی زمانەکەیدا نییە دەیانگۆڕن بەو فۆنێمانەی یان نزیك لەو فۆنێمانەی لەناو زمانەکەدا خۆیدا هەیە، بەم شێوەیەش زمانەکە پارێزگاری لە سازگە و فۆنێمەکانی زمانەکە و یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی دەکات (علی عبدالواحد وافی، 2004: 236-237).

لە قۆناغی دواتردا:

بە پێی بەهێزی زمانی زاڵ لە ململانێکەدا، دەنگەکان و سازگەی دروستبوونی دەنگەکان و شێوازی دەربڕینی وشەکانی زمانە زاڵبووەکە، دزە دەکەنە ناو زمانە بەزیوەکەوە، لەم قۆناغەدا قسەپێکەرانی زمانە بەزیوەکە ئەو وشە و دەربڕاوانەی، کە لە زمانە زاڵەکەوە هاتووەنەتە ناو زمانە بەزیوەکەوە کوتوموت وەکو خۆی یان نزیك لەو گۆدەکەن، بەم شێوەیەش سیستەمی دەنگی زمانەکە بەرەو شیبوونەوە و تیاچوون و گۆڕان دەبەن، هەرلەم قۆناغەشدا زمانە بەزیوەکە لە بەرگریکردن لە یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان بەردەوام دەبێت و دژی هاتنەناوەوەی یاسا ڕێزمانییەکان دەوەستێتەوە و ڕێگە بە بنکەنکردنی پایەی سەرەکی زمانەکە نادات و وشە و ڕستەکانی بەپێی یاساکانی زمانەکەی خۆی دروستدەکات (علی عبدالواحد وافی، 2004: 236- 237).

لە کۆتا قۆناغدا:

دوای تێکشانی ئەو بەرگرییەی زمانە بەزیوەکە لە قۆناغەکانی پێشوتردا کردبووی، ئیتر توانای بەرگریکردنی لاواز دەبێت ڕێزمانی زمانە زاڵەکە وردەوردە دەستدەگرێت بەسەر یاسا ڕێزمانییەکانی زمانە بەزیوەکەدا هەتا لەناوی دەبات، ڕێزمان لە زمانی بەزیودا زۆر لەو قەڵایە دەچێت کە لەشکرێکی شکستخواردوو، وەکو دوا پەناگە خۆیانی تێدا قایمدەکەن و تا دوا هەناسە دەجەنگن، بە داگیرکردنی قەڵاکەش، وڵات بە تەواوەتی دەکەوێتە ژێر دەستی داگیرکەرەوە( علی عبدالواحد وافی، 2004: 236-237).

گرنگی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە لەوەدایە، هەرچەندە دەنگ و وشە و دەربڕاو بێنەناو زمانەکەوە، ئەگەر بەپێ یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە خرانە چوارچێوەی ڕستەوە، ئەوە هێشتا زمانەکە زیندووە و گەڕانەوەی بۆ باری پێشووی ئاسانە، بۆ نموونە لەپێش ڕاپەڕین زمانی کوردی بە هۆکاری داگیرکاری و سیاسی و ڕامیاری قەدەغەکرا و زمانی عەرەبی لە کاروباری ڕامیاری و ڕۆشنبیری و خوێندندا سەپێنرا، نووسراو و بڵاوکراوەکان پڕبوون لەوشە و زاراوەی زمانی عەرەبی، بەڵام لەبەرئەوەی بەکارهێنانی یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردی پەیڕەوکرابوو، زمانەکە لەناو نەچوو و دوای ماوەیەکی کەم بوژایەوە.

لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامی لە وڵاتی فارسدا، زمانی عەرەبی دزەی کردە ناو زمانەکەیانەوە بەتێڕژاندنی وشە و زاراوە و یاسا و ڕێسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان، زمانی فارسی ژەهراویکرد و بە لاوازی تەنها لای کرێکار و جوتیارە دوورە دەستەکان مایەوە، کە تاوەکو ئێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر زمانی فارسی ماوە، ئەگەر بیرمەندە فارسەکانی وەکو (فیردەوسی و خەیام و شیرازی)، بزوتنەوەی زیندووکردنەوەی زمانی فارسییان بەرپانەکردایە لە ڕێگەی وازهێنان لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی سەر لە نوێ نەیان بوژاندایەتەوە، ڕەنگە ئێستا زمانەکە لە ڕیزی زمانەی مردووەکاندا بوایە( محمد محمد داود: 2016، ل42-43)، لە ئێستاشدا لەڕووی وشەکارییەوە زیاتر لەنیوەی زمانی فارسی، وشە و زاراوەی زمانی عەرەبییە، کاریگەری وشەکاری زمانی عەرەبی بە جۆرێکە، کە هەندێکجار لە ڕستەیەکی فارسیدا، جگە لە ئامرازی پەیوەندی، هەموو وشەکان بە گۆڕانکاری ڕێزمانیشەوە هەر عەرەبین، بۆ نموونە ئەگەر بە فارسی بتەوێت بنووسیت (ڕێکخستنی خۆپیشاندان لە بەرژەوەندی نەتەوەیە) ئەوە دەبێتە (تنظیم تظاهرات به منافع ملت است.) ئەوەی لە ڕستەکەدا دەبینرێت، وشەکانی (تنظیم، تظاهرات، منافع، ملت) هەمووی عەرەبییەوە، تەنانەت ئامرازی کۆ (ات)ی دوای وشەی (تظاهرات) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، وشەی (منافع)یش، کە لە حاڵەتی کۆدایە وەکو خۆی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە) (سۆران حمەڕەش، 2013: 297- 298). زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تر بەهۆی (داگیرکاری و ڕۆشنبیری و دراوسێیەتی و خوێندن و تەکنەلۆژیای نوێ...هتد)، سەرەڕای هاتنەناوەی وشە و زاراوەی زمانەکانی، بەکارهێنانی دەربڕاوەکانی وەکو (هێمن گروپ، هەستان بە ئەنجامدانی

سیمینار و جەنگی جیهانی دووەم...هتد)، بەڵگەی هاتنەناوە و بەکارهێنانی یاسا و ڕێسا مۆرفۆلۆژی و ڕیزمانییەکانی زمانەکانی تر دەردەخات.

زمانی (کیشوا)ش یەکێکە لەو زمانانەی، کە بە زمانی تر ژەهراویبووە، زمانەکە نزیکەی 10 ملیۆن هاوڵاتی لە شەش وڵاتی ئەمریکای لاتین قسەی پێدەکەن، لە سەدەکانی دوازدەهەم تا شازدەهەم زمانی کارگێڕی و بەڕێوبردنی ئیمپراتۆریەتی (ئینکا) بووە لە ناوچەی (ئالانکا)، کاتێك ئیسپانیا لە سەدەی شازدەهەمدا (کۆزکۆ)ی پایتەختی (ئالانکا)ی داگیرکرد، دەستکرا بە سەپاندنی زمانی ئیسپانیا، ململانێی نێوان زمانی ئیسپانی دەسەڵات و زمانی (کیشوا) دەستپێکرد، (ئەلیزابیس میشۆ) لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر زمانی (کیشوا) ئاماژەی بەوە کردووە، کە زمانی کیشوا بەکاریگەر زمانی ئیسپانی کەرتبووە بۆ دوو شێوەزار بە ناوەکانی (کیشوا1)، کە شێوەزاری جوتیارەکانی گوندەکانە وپاك و ڕەوانە، هەروەها (کیشوا 2)، کە شێوەزاری بەڕێوەبردن و ڕادیۆیە و زۆر وشە و زاراوە و یاسا و ڕێسای لە زمانی ئیسپانییەوە وەرگرتووە و لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە گرانبەهاترە، ئاماژەی بەوەکرد کە شێوەزاری (کیشوا 2) بە زمانی ئیسپانی ژەهراویبووە و ڕێگەی لەناوچوونی گرتووەتەبەر، تێبینی ئەوەیکرد لە سیستەمی دەنگی (کیشوا 1)دا تەنها سێ فۆنێی بزوێن(/u/,/a/,/i/)هەیە، کە دەتوانن دەنگی تریش (ژێرە) لە شێوەی (e) بۆ نموونە لە وشەی (orqe)، کە بە واتای (گرد) دێت بە (orqo)بنوێنێت، هەروەها (بۆر)یش لە شێوەی (o) وشەی (qulqi)، کە بەواتای پارە و زیو دێت لە شێوەی (qoslqi) بنوێنرێت، واتە دەنگەکانی (e)و (o) دوو فۆنێمی سەربەخۆ نێن بەڵکو ئەلۆفۆنی دەنگن، بەڵام لە شێوەزاری (کیشوا2)دا بەکاریگەری زمانی ئیسپانی سیستەمی دەنگی شێوەزارەکە لە پێنج فۆنێمی بزوێن پێکدێت: (/i/, /u/, /a/, / e / , /o/ ) پێکدێت، هەردوو فۆنێمی (/e/ , /o/ ) لە وشە ڕەسەنەکانی زمانەکە و ئەو وشانەی لە زمانی ئیسپانییەوە وەرگیراون وەکو یەك وەکو دوو فۆنێمی سەربەخۆ دەردەکەون، بۆ نموونە فۆنێمی /e/ لە وشەی (mesu)ی زمانی ئیسپانی و (perqa)ی وشەی شێوەزاری (کیشوا2) وەکو یەك دەردەکەون، بەمشێوەیە سیستەمی دەنگی زمانی ئیسپانی کاریگەری کردووەتە سەر زمانی کیشوا (لویس جان کالفی، 2012: 141-142). بەهەمان شێوەش زمانی ئیسپانی کاریگەری کردووتەسەر سیستەمی ڕێزمانی زمانی کیشوا، بە جۆرێك لە شێوەزاری (کیشوا1) شێوەیەکی پەسەندتری هەیە و ڕستەی کورتی تێدایە و کۆتاییان بە (کار) دێت، بەڵام لە (کیشوا 2) بەکاریگەری سیستەمی ڕێزمانی زمانی ئیسپانی ڕستەکان درێژن و پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستە جۆرێکی ترن، بۆنموونە ئەگەر ڕووداوێك بەهەردوو شێوەزاری کیشوا دەربڕێت، ئەوا: لە (کیشوا2)دا:

-ئەگەر بتەوێت ئەم ئالیکە بدەیتە مانگاگەت کە پێشتر چارەسەرت کردووە، تاوەکو لە نەخۆشیەکەی ڕزگاری دەبێ، دەبێت سێ هەفتە چاوەڕوان بیت.

لە (کیشوا1)دا:

-ئالیکەکە نەخۆشەکەی چارەسەرکرد.

-دەتەوێت خۆراك بدەیتە مانگاکەت.

-ئەو ئالیکەی مەدەرێ.

-دەبێ سێ هەفتە بۆ ئەم مەبەستە چاوەڕوان بیت.

ئەوە تێبینیدەکرێت ڕستەکان لە (کیشوا1) کورت و لە (کیشوا2) درێژن، بۆیە دەستوەردانی سیستەمی فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی زمانی ئیسپانی لە (کیشوا2) دا بەتەواوەتی زاڵە و سیستەمی دەنگی و ڕێزمانی شێوەزاری (کیشوا2)ی ژەهراویکردووە و هەڕەشەی لەناو چوونی لەسەرە، بەجۆرێك هەردوو شێوەزارەکەی زمانی (کێشوا) ئەوەندە لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە، کە هەندێکجار لە یەکتر تێناگەن. (لویس جان کالفی، 2012:143). ( بەهۆی ژەهراویبوونی زمانی (کیشوا) بە زمانی ئیسپانی زۆر زەحمەتە جارێکی تر بتوانێت بیێتەوە بە زمانی بڵاوی کەرتی گشتی دانیشتوان، لەمڕۆدا لە بازاڕدا کاتێك جووتیارێك، کە زمانەکەی (کیشوا) بێت و کڕیارەکەشی زمانی ئیسپانی، ئەوە هەردووکیان بە زمانی ئیسپانی قسەدەکەن (بێرنارد کەمرێ و ...، 2007: 128).

4/2)ئەنجامی مردنی زمانەکان:

1-4/2)مردنی زمان بە گۆڕانکاری :

(ئەم جۆرە دیارنەمانە، هەر جارێك کە شێوەزاری زمانێك پەرەدەسێنێ، ڕوودەدات، لە ڕووی جوگرافیشەوە جیاواز دەبێت کاتێ خەڵك زیادەکات و خێزانە زمانێکی دیکە سەرهەڵدەدات، هەروەك لە زمانی ڕۆمانیدا هەیە، عەرەبی پەتی لە ماوەیەکی کەمدا بە گۆڕانکاری بوو بە چەند شێوەزارێکی نوێ) (لویس جان کالفی، 2012: 139)، بە واتە زمانەکە بە تەواوەتی لەناو ناچێت، بەڵکو وەکو خۆی نامێنێتەوە و دیالێکتەکانی لەیەك دووردەکەونەوە و هەریەکەیان دەبنە زمانێکی سەربەخۆ، وەکو لەناوچوونی زمانی لاتینی و گۆڕانی دیالێکتەکانی بۆ زمانە سەربەخۆکانی (فەرەنسی و ئیتالی و ئیسپانی و ڕۆمانی) (د.محمد معروف فتاح، 2011: 157).

2-4/2) مردنی تەواوەتی:

لە ئەنجامی مردنی کۆمەڵە کەسێك یان مردنی دوا قسەکەری زمانێك دەبێت، کە بە زمانێکی دیاریکراو قسەیان دەکرد، ئەم جۆرە مردنە لە بەرژەوەندی هیچ زمانێکی دیکەدا ناشکێتەوە نە بەگۆڕانکاری و نەبەجێگۆڕکێ، بۆ نموونە لە سەرەتای هەشتاکان لە ئەمازۆنیا و کەرتی نابۆدا، پیرەمێرد و پیرەژنێك دەژیان، کە بە زمانی (تت) قسەیان دەکرد، دوای مردنی هەردوکیان زمانەکەش لەناوچوو ( لویس جان کالفی، 2012: 139).

3-4/2)مردنی زمان بە ژەهراویبوون:

گۆڕانی زمانێك بە زمانێکی تر، کاتێك زمانێکی ژێردەستە دەکەوێتە ژێر کاریگەری زمانێکی زاڵ و بەشێنەیی لەناویدا دەتوێتەوە و ژەهراویدەبێت و دەبێتەهۆی هەڵمژینی زمانەکە و گۆڕانی بە زمانێکی تر، ئەمەش لە ڕێگەی ژەهراویبوونی یاسا دەنگییەکان یاخود گۆڕانکاری لە پیت و وشەکان و دواتر گۆڕانکاری لە ڕووی ڕێزمانەوە، وەکو ژەهراویبوونی زمانی (کیشوا2) بەهۆی کاریگەری زمانی ئیسانییەوە ( لویس جان کالفی، 2012: 140)، لێرەدا هەرچەند زمانەکە بە تەواوتی نامریت بەڵام بەهۆی کاریگەری زمانێکی ترەوە دەگۆڕێت بە زمانێکی تر.

**4-4/2) بوژاندنەوەی دوای مردنی زمان:**

هەندێك زمان دوای مردنیشی سەرلەنوێ بوژێنراونەتەوە و هەوڵی زیندوکردنەوەی دراوە، بۆیە (بۆ پاراستنی زمان و هەڵی دووبارە بوژاندنەوەی پێویستە هەموو زمانێك دۆکۆمێنتبکرێت، چونکە کاتێک زمانێک دەمرێت، هەلی دۆکۆمێنتکردنی نامێنێت و ئاسەوارەکانی تری لەناودەچێت، بۆ پرۆسەی دۆکۆمێنتکردنی ئەو زمانانەی مەترسی لەناوچونیان لەسەرە یان هەر زمانێکی

تر، کۆمەڵێک پرۆسە هەیە، کە دەتوانرێت پەیرەوبکرێت، لەوانە پێویستە دۆکۆمێنتکردنەکە باوەرپێکراوبێت و بە گشتگیری تەواوی زمانەکە بگرێتەوە رەنگدانەوەی تەواوی زمانە بێت (Baba zanna Isa and ..., 2014: 47). بۆ نموونە (زمانی مانکس (Manx)، کە یەکێکە لە زمانە سێلتییەکان (Celtic Languages) لە جەزیرەی مان (Man) لە بەریتانیا، دوا کەسی قسەکەری ئەو زمانە لە ساڵی 1974 دەمرێت و لەگەڵیشیدا زمانەکەش چووە ریزی لیستی زمانە مردووەکانەوە، دواتر بە هەوڵی حکومەتی (جەزیرەی مان) و رۆشنبیران هەوڵی بوژانەوەی زمانەکەیان داوە، هەندێك لە خەڵکی جەزیرەکە دووبارە فێری زمانەکە بوونەتەوە، خوێندنیش بە زمانەکە کراوەتە ئارەزوومەندانە. تاوەکو ساڵی 2011 زیاتر لە (1689)کەس فێری زمانەکە بوونەتەوە) (سوداد رەسوڵ، 2014: 35-36). هەروەها (دوای ئەوەی ساڵی 1992 دواهەمین قسەکەری زمانی کاورنا (Kaurna) کۆچی دوایکرد و زمانەکە بۆ چەند ساڵێك کوژایەوە، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، ژمارەیەك لە کاورنابییەکان بڕیاندا زمانەکەیان زیندووبکەنەوە، دەیانگوت زمانەکەمان نەمردووە، بەڵکو خەوی لێکەوتووە، بە سود وەرگرتن لەو پاشماوانەی زمانەکە، کە بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕایەوە، زمانەکەیان زیندووکردەوە و لەئێستادا لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت) (دیفید کریستاڵ، 2020: 175). شەری ساردیش، سەرلەنوێ ئەو زمانانەی زیندوو کردەوە، کە پێشتر داپڵۆسێنرابوون یاخود فەرامۆشکرابوون، لەوانە زیندووکردنەوەی زمانە ناوچییەکانی وەکو ئەستۆنیایی، لەتفیایی، ئۆکرانیی، گورجی و ئەرمەنی، هەروەها پاشماوەی زمانی تورکی و عەرەبی، کە لە سەردەمی ئیمپڕتۆری عوسمانییەوە (450) ساڵ لە ناوچەی بەڵکاندا باوبوون، ئێستا لە بۆسنیا بەرەوبان سەندووەتەوە، زمانەکان سەرلەنوێ زیندوودەکرێنەوە تا لەگەڵ شوناس و شارستانییەکاندا بگونجێن (سامۆیل. پ. هانتینگتۆن، 2005: 57-58).

**ئەنجام**

1- هەر گۆڕانێك کە لە کۆمەڵدا ڕوودبدات کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵ خۆیدا زمانیش دەگۆڕێت.

2- گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەڕووی گۆڕانی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان و داهێنانەوە دروست دەبێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گۆڕانی زمان دەبێت.

3- شۆڕشی پیشەسازی دەستێکی باڵای لە مردنی زمانەکاندا هەیە، بەوەی زمانێك باڵا دەستدەکات، کە بایەخی ئابووری و سیاسی گەورەی هەیە، هۆکارە بۆ لەناوچوونی ئەو زمانانەی، کە ئەو بایەخەیان نییە.

4- جیهانگیری لەجیاتی ئەوەی زمانە کەمینە و لاوازەکان بەهێز بکات و وەکو بەشێك لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەشداریان لە بڵاوبوونەوە و نزیککردنەوەی نێوان گەلان پێبکات، بەپێچەوانەوە بەرەو لەناوچوونیان دەبات.

5- زمانە گەورەکان بە پاڵپشتی هۆیەکانی جیهانگیریی، خۆیان لەسەر حسابی زمانە لاوازەکان لەڕووی ژمارەی قسەپێکەر و سنوری جوگرافیای بەکارهێنانی زمانەکە فراوانکردووە.

6- لەئێستادا زمانە گەورە و گەشەسەندووەکان هەر لەسەر زەوی جوگرافیای خۆیەوە لەڕێگەی هۆیەکانی بە جیهانیبوونەوە، ململانێ لەگەڵ زمانەکانی تردا دەکەن و کاریگەریان لەسەر جێدەهێڵن.

7- زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی تری جیهان کاریگەری بە جیهانیبوونی زمانیی لەسەر دەرکەوتووە بە تایبەتی زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی، لەڕووی بایەخپێدان و فێربوونی زمانەکانی تر لەجیاتی زمانی دایك و بەکارهێنانیان لە کاروباری ڕۆژانە و ڕامیاری و سیاسەت و ڕاگەیاندن و خوێندن.

8- مەترسی گەورەی سەر زمانی کوردی لە ئێستادا هەژموونی زمانی ئینگلیزییە، ڕەنگە لە داهاتوودا تاکی کورد لە ناسنامەی نەتەوەیی و بیرکردنەوەی کوردانە بپچڕێنێت و بیخاتەژێر کاریگەری بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییەوە.

**سەرچاوەکان**

ا- بە زمانی کوردی:


1. ئازاد ڕەمەزان عەلی، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان ساڵانی (1991-2000)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2005.

2. ئەحمەد ئەبوزەید، ئایە یەك زمانی جیهانی دادەمەزرێت؟ وەرگێڕانی: ڕۆشنا ئەحمەد، گۆڤاری زانستی سەردەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە(23)، سلێمانی، 2005.

3. ئومێد بەرزان برزۆ – کەژاڵ جهانبخش محەمەد، جیهانگیری زمانی و کاریگەری لەسەر داهاتوی شوناسی نەتەوەیی و فێرکردنی زمانی کوردی، پێنجەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2019.

4. ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، واقیعی زمانی کوردی لە نێوان پێوەرەکانی زمانی زیندوو و ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنن، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە (22)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012.

5. بەهمەن تاهیر نەریمان، کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، 2013.

6. بێرنارد کەمرێ، جێردید دایەمەند، دەوگ واڵن ، ك.دەیفید هارس، زمان، وەرگێڕانی کامیل محەمەد قەرەداخی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، 2007.

7. بێستون ئەبوبەکر عەلی، دەرکەوتەی دوو دیوی زمانی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، 2015.

8. پاکیزە ڕەفیق حامی، بوژاندنەوەی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم-بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، 1975.

9. تووره یانسۆن، مێژووی زمان کنەکردن بەناو کات و شوێندا، وەرگێڕانی: نوری کەریم، ناوەندی ڕەهەند، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2019.

10. حسێن یەعقووبی، زمان و وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان، وەرگێڕانی: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر 2007.

11. دەروون عبالرحمن ساڵح، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2012.

12. دیڤید کریستاڵ، کورتەیەك لە مێژووی زمان، وەرگێڕانی: سەربەست جیهاد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، 2020.

13. رۆژان نوری عەبدوڵلا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی، 2013.

14. سامۆیل پ. هانتینگتۆن، پێکدادانی شارستانییەکان، وەرگێڕانی:مامەند رۆژە، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)، 2005.

15. سوداد ڕەسوڵ، مردنی زمان، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (15)، هەولێر، 2014.

16. سۆران حمەڕەش، کورد کێیە؟ چاپخانەی (YPS-Publishing)، چاپی یەکەم، لەندەن، 2013.

17. شیلان عومەر حسێن، داخورانی زمانی دایك، بنەماوپەسنکردن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی-بەشیB، ژمارە(50)،2016.

18. عەبدوڵلا حوسێن ڕەسوول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی – کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2015.

19. فاروق عومەر سدیق، لە دایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی،2011.

20. لویس جان کافی ، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، 2012 .

21. محەمەد عەبدوڵلا کەلاری، جیهانگیریی میدیا، چاپخانەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆك، 2009.

22. محەمەد معروف فتاح، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر، 2011.

23. محەمەد مەجید سەعید، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، 2015.

24. ............، مۆدێل و مۆدێەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی د. محەمەدی مەحوی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ،2009.

ب- بە زمانی عەرەبی:

25. علی عبدالواحد وافی، علم اللغة، نهضة مصر –للطباعة و النشر و التوزیع ، الطبعة التاسعة، 2004.

26. محمد محمد داود، اللغه کیف تحیا؟ .. ومتی تموت؟، 2016.

27. مها محمد فوزی معاذ، انثروبولوجیا اللغة، دار المعرفة الجامعیة – جامعة الاسکندریة، 2009.

28. میلیکا إفیتش، اتجاهات البحث اللسانی، ترجمة: سعد عبدالعزیز مصلوح – وفاء کامل فاید، المجلس الاعلا للثقافة، الطبعة الثانیة، 2000.

29. نایف خرما، أضواء علی الدراسات اللغویة المعاصرة، علم المعرفة، الکویت، 1978.

پ- بە زمانی ئینگلیزی:

30- David Crystal, (2003) , Language Death, Cambridge: Cambridge University Press.

31- Baba zanna lsa , Hajj akaru Ahmed and Yagana Grema ,Language Death and Endangered Language , ISOR journal of Humanities And Social Science (ISRO - JHSS) volume 19, issue 10, Ver.VI(.2014)

## ملخص البحث

البحث بعنوان (العولمة وموت اللغات)، يسلط البحث الضوء على تاثير عولمة المجتمع الإنساني على سرعة موت اللغات، الثورة الصناعية والتنمية الاقتصادية والهجرة من الريف إلى الحضر لأجل العمل، مع توسع الطرق وسهولة التنقل بين الحضر والريف وتطور أسباب التواصل والابداعات العلمية والتكنلوجية والثقافة والاهتمام بالتربية والتعليم...الخ، كل هذه الأمور أحدثت تغييرات كبيرة في المجتمع البشري، ويقوده نحو العولمة ومحاصرته في دائرة ضيقة، وكسرت العوائق الجغرافية بين الامم والفرق المختلفة، واصطدمت الحضارات ببعضها، واللغة كجزء من الثقافة ومعبرا للفكر وأداة للفهم والتواصل بين المجتمعات المختلفة، نالت حصتها وبصورة كبيرة من هذه التغييرات والصراعات، من ناحية سلطة وتوسعية بعض اللغات باسناد من الاسباب التي ادت الى العولمة وخلق المشاكل وعدم الانسجام بين اللغات الاخرى وفي النتيجة موت اللغات الضعيفة .ينقسم البحث الى قسمين: في القسم الاول سلط الضوء على تغيير اللغة والاسباب التي تغير اللغة، والعولمة ودورها في خلق لغة عالمية وتسلط اللغات القوية على اللغات الضعيفة .وفي القسم الثاني عرضنا أنواع اللغة من حيث اللغة الحية واللغة الميتة، وطرق موت اللغة، وانعكاس أسباب العولمة عليها، ثم جاءت الخاتمة وفيها عرض لمحصلة البحث ومن ثم المرجع والمصادر.